زنجیرەی
نووسینی کوردیی نوێ
و
ژیاندنەوەی میراتی نەتەوایەتیمان

ژمارە (٣)

# خوێندەواری
# بە
# زمانی کوردی

چاپی یەکەم:
٢٥٦٩ی کوردی – ١٩٥٧ی زاینی (چاپخانەی "النور" بەغدا)
چاپی دووەم:
ستۆکهۆڵم/سوێد ١٩٨٧
چاپی سێیەم:
مانگی سەرماوەزی ٢٧٠٧ی کوردی – مانگی نۆڤەمبەری 2007 ی زاینی
(دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان)

# وتەیەکی پێویست!

## سەبارەت بە نووسینەوە و، لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە

**خوێنەرەوەی بەڕێز!**

لەمێژووی هاوچەرخ و، لەنێو زانایانی گەورەی کورد لە سەت ساڵی رابوردوودا، **مامۆستا جەمال نەبەز**، جێگە و پێگەیەکی هەرە بەرز و دیاری هەیە و، بە مامۆستای کوردایەتی و، داڕێژەری زانستانەی بیری پیرۆزی سەرفرازی و رزگاریی کورد دەژمێردرێت. مامۆستا جەمال نەبەز، بەدەیان پەرتۆکی رامیاری و مێژوویی و هزری نەتەوەیی و بوارەکانی دیکەی زانستی و کۆمەڵایەتیی، بە شێوەی بابەتانە و زانستانە، پێشکێش بە پەرتۆکخانەی کوردی کردووە و، گەنجینەیەکی بەپێز و بەنرخی بۆ بەرەی ئەوڕۆ و وەچەکانی دوارۆژ بەجێهێشتووە. لەڕێگەی بەرهەمەکانییەوە، بەدەیان و سەتان قوتابی و پێرەوی رێبازی پیرۆزی کوردایەتیی پێگەیشتوون. بەشێک لە پەرتۆکەکانی مامۆستا، پتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر چاپکراون، کە بەهۆی دواکەوتوویی ئەوکاتی کوردستان، لەرووی راگەیاندن و کەرستەی چاپەمەنی و، نەبوونی چاپخانەیەکی پێشکەوتوو لە کوردستان و عێراق، بەرهەمەکان لەڕووی تەکنیکی چاپەوە لاواز و ناتەواون. جگە لەوەش، نووسەر لەو سەردەمەدا، تاکاتی بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانی، دەبوو گەلێک کێشە و کۆسپی جۆر بەجۆر تێپەڕ بکات، تا بتوانێت، ژمارەیەکی کەم لە بەرهەمێکی بگەیەنێتە دەستی خوێنەرەوەی کورد.



یەک لەم بەرهەمانەی مامۆستا نەبەز، نێوی "خوێندەواری بە زمانی کوردی" یە، کە ساڵی ٢٥٦٩ی کوردی، بەرامبەر بە ١٩٥٧ی زاینی بڵاوکراوەتەوە. دوکتۆر جەمال نەبەز لەم پەرتۆکەیدا، ئاستی رۆشنبیریی کوردیی زیاتر لەنیو سەتە لەوەپێشی خستووەتەڕوو،

هەروەها گەلێک پێشنیازی بەنرخی بۆ پێشخستنی بواری رۆشنبیریی کوردی خستووەتە بەر سەرنجی خوێندەوار و رۆناکبیری کورد لەو سەردەمەدا، کە پاش تێپەڕبوونی پتر لە پەنجا ساڵ، جێی داخە، بەشێکی زۆر لەو کەموکورتییانە، ئەورۆکەش هەر ماون و، لەنێو نەچوون. تەنانەت، ١٦ ساڵ دوای رزگاربوونی بەشێکی خاکی نیشتمانەکەمان و، بوونی دەسەلاتی خۆیی لە باشووری کوردستان، هێشتا هیچ نێوەندێکی سیاسی و ئابووری و لەشکری و دادوەری و یاسادانان و، پەروەردەمان نییە، کە بەروانگەی کوردستانی و، ستراتیژێکی نەتەوەییەوە دارێژرابێتن. هێشتا بیروباوەڕی نەتەوەیی لەوپەڕی لاوازیدایە، بیری چەوتی حیزبپەرستی و، ئێرانچێتی و عێراقچێتی و ترکچێتی و سووریاچێتیی، باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کێشاوە. بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی، جێی خۆیداوە بە پارەپەرستی و، بەرژەوەندیی ئابووری و، دەستەو دەستەگەریێتیی.

ئەم کۆسپ و کەموکورتییانەی ئەورۆکە باڵیان بەسەرتاخواری کوردستاندا کێشاوە، پتر لە رابوردوو، ئەرکێکی گەورە و مێژوویی و نەتەوەیی، بەرەوڕووی نیشتمانپەروەرانی راستینەی گەلەکەمان کردووەتەوە. پێویستە بەهەموو شێوازێک تێکۆشن بۆ پەرەپێدانی بیری سەربەخۆیی و، هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکانی کوردستان. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەتەوەییە، لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، بەدەیان پەرتۆک و گۆڤار و راگەیاندراوە لەلایەن دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە و، ئامادەکردنی چەند پەرتۆکێک لە نووسراوەکانی مامۆستا نەبەز، لەریزی ئەو چالاکییە رۆشنبیرییە نەتەوەییە بوون. لەداهاتووشدا، کۆی نامیلکە و پەرتۆکە کۆنەکانی مامۆستا، چاپ و بڵاودەکرێنەوە. بەو هیوایەی کە پاش دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێژمار، خەباتی نەتەوەی کورد، بەبیروباوەڕێکی زانستییەوە، پێ بنێتە سەر شاڕێی راستینەی خەباتی رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.

سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" رادەکێشم. شایانی باسە، داڕشتنەوە و، نووسینەوەی هەندێک لە وشەکان، بەپێی شێوازی رێنووسیی ئەمڕۆ نووسراونەتەوە، بەڵام دەقەکان هەمووی بێ دەستکاری وەک خۆی ماونەتەوە.

سەربەرزیتان ئاواتەخوازم:

سیروان کاوسی

ئۆسلۆ، نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

# پاش سی ساڵ

# چەند وشەیەك بەبۆنەی چاپی دووەمینی نامیلکەی

## "خوێندەواری بەزمانی کوردی"

## لەساڵی ١٩٨٧ دا لە سوێد!

ئەورۆ، ٢٩ی مانگی ئابی ١٩٨٧، سی ساڵی رەبەق (*) تێپەڕی بەسەر تەواوکردنی ئەم نامیلکەیەدا، کە لەسەردەمی خۆیدا لە کەرکووک نووسیومە، کاتێک مامۆستای ماتماتیک و فیزیک بووم لە قوتابخانە نێوەندییەکانی ئەوێ. ئەو باسانەی لەم نامیلکەیەدا جێیانکراوەتەوە، هەموو لەو بابەتەن کە پێوەندییان بە گیروگرۆی مەسەلەی زمان و رۆشنبیریی کوردەوە هەیە و، باسی ئەو بەرهەڵستانە دەکەن کە دێنە رێی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری بەزمانی کوردی، هەروەها بریتین لەو پێشنیازانەی کە بۆ یەکەمین جار، خراونەتە بەردەم رۆشنبیرانی کورد بۆ لێکۆڵینەوە و لێهوردبوونەوە و توێژینەوەیان.

لەبەشی یەکەمی نامیلکەکەدا، جارێ باسی ئەو بەرهەڵستانە کراون کە خراونەتە سەررێی بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی، لەوانە: بەربەرەکانێکردنی زمانی کوردی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن داگیرکەرانی کورستانەوە و، بەنیازی تواندنەوەی نەتەوەی کورد (ل ١ – ٥)، کە ئەمەش بەری ئەو دۆخەیە کە کورد لە باری سیاسییەوە، لەژێر چەپۆکی چەند رژێمێکی بێگانەدا دەژی و، هەر رژێمەش بەجۆرێک دەیەوێ بیتوێنێتەوە. ئەوجا باسێکی تەنگ و چەڵەمەی جیاوازیی شێوەکانی زمانی کوردی دێ و، هۆیەکانی ئەم جیاوازییە و، رێ و شوێندانان بۆ سووککردنیان پێشاندەدرێ (ل ٥ – ١٣). لەم مەیدانەدا: "پێرەوکردنی ئەلفوبێی لاتینی لە لایەن هەموو نەتەوەی کوردەوە، بە هەنگاوێکی گەورە" دانراوە (ل ١٠)، چۆنکە ئەگەر کورد هەموویان توانییان نووسینی یەکدی بخوێننەوە، ئەوسا فێربوونی شێوەی یەکدی هاسانتر دەبێ بۆ گشتیان. شایانی باسە، کە هەر خۆشم لەوکاتانەدا، هەوڵمدا رێنووسی لاتینی لە خوارووی کوردستاندا بڵاوبکەمەوە. (تەماشای نامیلکەی "نووسینی کوردی بەلاتینی" بکە – چاپی یەکەمین، بەغدا ١٩٥٧ و چاپی دووەمین، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، سوێد ١٩٨٧). دوای ئەمە باس دێتە سەرباسی کەمیی دەزگەی چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا (ل ١٣– ٢٥)، چۆنکە ئەو دەمە لە خوارووی کوردستاندا هەر چاپخانەی "ژین" لە سلێمانی و چاپخانەی

"کوردستان" لە هەولێر و چاپخانەی "تەرەقی" لە کەرکووک هەبوون و، بنکەی چاپەمەنیش (دارالنشر) هەر نەبوو.

ئا لێرەدا، دەستیشم بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئەو رۆژە، لەهەموو نێوچەی بادینان دا، نە چاپخانەیەک هەبوو، نە رۆژنامەیەکی کوردی. لەبەر ئەوە پێشنیازی کڕینی چاپخانەیەکم کردبوو، کە وەک "شیرکەتێکی موساهەمە" لە جێیەکی وەکو کەرکووکدا دابنرێ (ل ٢٤). پاشان باسێکی ئەو گەڕ و گێچەڵ و کوێرەوەرییەم کردووە کە بەسەرنووسەری کورد دەهات، کاتێک ناچار دەبوو، نووسینەکەی لە بەغدا لە چاپبدات. دوای ئەمەش، چوومەتە سەرباسی کەمیی کتێبخانە و کتێبفرۆشی لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا. شایانی باسە، کە هەر لە چلەکانەوە کتێبفرۆشییەک لە هەولێر، بەرامبەر قەڵاکە هەبوو بەنێوی "سەربەستی" یەوە کە خاوەنەکەی کاک مارف سەربەستیی بوو. لە سلێمانیش هەر لە کۆنەوە، قادرئاغای عەتار هەبوو، کە رۆژنامەفرۆش بوو و، جاروبارێکیش کتێبی کوردی دەفرۆشت، دوایی کتێبفرۆشییەک دانرا بەنێوی "ئازادی" یەوە و، لە کۆتایی چلەکانیشدا رەئووف مارف کتێبفرۆشیی "گەلاوێژ" ی بەرامبەر قوتابخانەی "فەیسەڵییە"ی کۆن کردەوە و، لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا کتیبفرۆشیی "زیوەر" لە نێزیک "گەلاوێژ" ەوە دانرا. بەڵام ئەوەی راستی بێت، لەو رۆژانەدا کۆگای "سرۆچک" کە خاوەنەکەی کاک جەلال تۆفیق بوو، تاقە بنکەیەک بوو لە سلێمانی کە بەتایبەتیی، خۆی بۆ کڕین و فرۆشتنی پەرتۆکی کوردی تەرخان کردبوو. جا هەرچەندە کاک جەلال کتێبفرۆش نەبوو، بەڵام کوردایەتی وایلێکربوو بکەوێتە فرۆشتنی پەرتۆکی کوردی، بێئەوەی هیچ سوودێکی تایبەتی خۆی تێدابێت. "عەزیز پشتیوان" یش لە خانەقین هەر ئەم دەورەی دەدی و، "عومەر بێکەس" یش لە کەرکووک کە دوکانێکی قنگەجنۆکەی هەبوو، بە هەزار حاڵ جێگەی خۆی تێدادەبووەوە، ئەویش هەر پەرتۆکی کوردیی دەفرۆشت. لێرەدا ئەوە بهێنمەوە یاد، کە بەهەشتی (ئوستاد) بەشیر موشیر، کۆنترین کوردێک بوو کە هەر لە بیستەکانەوە دوکانەکەی، کە بەرامبەر مزگەوتی "حەیدەرخانە" بوو لە بەغدا، کردبوو بە پێشانگەیەک بۆ پەرتۆکی کوردی و، شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەو کوردانەی لە بەغدا دەژیان، یان رێیان دەکەوتە ئەوێ.

لەبەشی دووەمی نامیلکەکەدا، باسی ئەو کاروبارانەم کردووە کە پێموابووە، دەبوو ئەو رۆژانە بکرانایە، وەک دامەزراندنی پێوەندییەک لەنێوان ئەدیب و نووسەرەکانی کورددا بەنێوی "دەستەی نووسەرانی کورد" ەوە (ل ٢٧ – ٣٤)، کە هەوڵی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییە کۆنەکان و ئەو سەرچاوانە بدات، کە بە زمانی بێگانە لەسەر کورد و کوردستان نووسراونەتەوە، بۆ ئەوەی پاش بژارکردن و لێکۆڵینەوەی زانستانەی

دەستنووسەکان، بڵاویان بکاتەوە و ئەو پەرتۆکانەی بەزمانی بێگانەن، بیانکاتە کوردی. پێشنیازێکی دیکەم، کە ئەوەیش بۆ یەکەمجار بڵاوکراوەتەوە، دامەزراندنی "کۆڕی زانیاری – زمانەوانی" بوو (ل ٣١ – ٣٤)، کە لە چەند کەسێکی واپێکهاتبێ کە هەموو لە وێژە و مێژووی نەتەوەی کورددا پسپۆڕ بن و، بە هاوکاریی چەند شارەزایەکی دی، کە هەر یەکەیان، بێجگە لە زمانی کوردی، لە لقێکی زانستدا دەستێکی باڵایان هەبێ، هەوڵبدەن زاراوەی زانستی و هونەری بۆ زمانی کوردی دروستبکەن و پەرتۆکی سەر بە زانست و هونەر بکەن بە کوردی و، گۆڤارێکی زانستانەش بەزمانی کوردی دەربکەن. پێشنیازی ئەوەشم کردبوو کە "دەستەی نووسەرانی کورد" و "کۆڕی زانیاری – زمانەوانی" هاوکاری و ئالیکاریی یەکدی بکەن (ل ٣٤). راستییەکەی خۆشم لە مەیدانی پێکهێنانی "کۆڕی زانیاری" دا، بەداهێنان و دروستکردنی زاراوەی زانستانە و نووسینی پەرتۆکی فیزیک وجەبر، سەردەقی ئەم کارەم شکاند. جا هەر چەند، پاش رێککەوتنی مارتی ١٩٧٠ لەنێوان سەرکردەیەتیی شۆرشی کورد و رژێمی بەعس، "کۆڕی زانیاری کورد" دروستبوو، بەڵام ئەم کۆرە ئەکادێمیایەکی زانستانە نەبوو و، لە سنووری بەرپرسیارێتیی خۆشیدا، دەورێکی وای نەدی کە بەدڵی من بێ. بێگومان، ئەز هەر لەسەر تێکۆشینی خۆم بەردەوام بووم، تا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ دا و، پاش هەوڵوتەقەلای ساڵانی ساڵ، توانیم ئەو ئاواتە بهێنمەدی و، شەرەفی دەستپێشکەریی دامەزراندنی "ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر" م، پێ ببڕێ، پاش ئەوەی چەند رۆشنبیر و زانستکارێکی دڵسۆزم دۆزییەوە کە ئامادەبوونی خۆیان بۆ هاوکاری پێشاندا، لەرۆژی ١٩٨٥/٧/٢٦ دا و لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا گەڵاڵەیەکی پرۆژەی "ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر"م لەبەردەم ئامادەبوواندا خوێندەوە و، دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەر کرا و، ئێستە ئەم ئەکادێمیایە بنکەکەی وا لە ستۆکهۆڵم (سوێد). هیواشم وایە کە ببێتە دەزگەیەکی بەپیت و بەنرخ لەپێناوی هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا کە بۆخۆی دیاریکردوون.

یەکێک لە بابەتەکانی دیی ئەم نامیلکەیە، پێشنیازی دامەزراندنی پەرتۆکخانەیەکی گشتیی گەورە بوو بۆ کورد (ل ٣٤) کە تەنانەت دەستنووسە چاپنەکراوەکانیشی تێدا کۆبکرێتەوە. راستییەکەی خۆم لە پەنجاکاندا نامیلکەیەکم بەنێوی "**فەرهەنگی پەرتۆکخانەی کوردی**"یەوە نووسیبووەوە و، نێوی ئەو پەرتۆکانەم تێدا تۆمارکردبون، کە تا ئەوکاتە بەزمانی کوردی، یان بەزمانی بێگانە لەسەر کورد نووسرابوون (ل ٣٧). ئەم نامیلکەیەم دا بە مامۆستا مستەفا نەریمان کە دیارە ئەویش بۆ ئەو لێکسیکۆنەی کە بۆ پەرتۆکی کوردی دروستیکردبوو بەنێوی "بیبلیۆگرافیای پەرتۆکی کوردی ١٧٨٧ – ١٩٧٥"ەوە و، لە ١٩٧٧ دا لە بەغدا چاپیکردووە، سوودی وەرگرتووەلێی.

ئەوجا نامیلکەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" هاتووەتە سەرباسی نووسینەوەی پەرتۆک بۆ خوێندنی سەرەتایی (ل ٣٨) لەسەر تازەترین ڕێگەی فێرکردن، لەلایەن ئەندامانی ئەو "دەستەی نووسەران" ەوە کە دەبوایە دابمەزرایە. لەوێدا وام پێشنیازکردبوو کە هێندێک لەو پەرتۆکانە، بەتایبەتی بۆ زارۆی کورد و، هێندێکی دیش بۆ ئەوانەی کە لەبەر هەژاری و دەستکورتی نەیانتوانیوە بە منداڵی فێری خوێندن ونووسین ببن (ل ٣٩) و، هێندێکیش بۆ ئەو بێگانانەی کە دەیانەوێ زمانی کوردی فێرببن (هەر ئەوێ).لێرەشدا باسی ئەوەمکردووە کە ڕێنووسی لاتینی نابێ بخریتە پشتگوێ، بەڵام بەرە بەرە و لەسەرخۆ (ل ٣٩ – ٤٠)، ڕەخنەشم لە حاڵی قوتابخانەکانی کوردستان گرتووە (ل ٤١–٤٢). دوای ئەوە، هاتوومەتە سەرباسی ڕۆژنامە و گۆڤار و، باسی ئەوەمکردووە کە لە مێژووی عێراقدا (دیارە تا ساڵی نووسینەوەی نامیلکەکە لە ١٩٥٧ دا). تەنێ لەساڵی ١٩٤٨ دا بوو کە بۆ یەکەمجار گۆڤارێکی سیاسی بە عەرەبی و کوردی، بەنێوی "نزار" ەوە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەغدا دەرچوو (ل ٤٣). ئا لێرەدا گوتوومە کە کورد دەبێ لەسەر ئەوە سۆربێ کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی هەبێ کە بە عەرەبی  و بە کوردی دەربچێ، بەشە عەرەبییەکەی بۆ داخوازییەکانی کورد و ناتەواوییەکانی کوردستان بەکار بهێنرێ (ل ٤٤). شایانی باسە کە کورد تا ئەوڕۆش (ئابی ١٩٨٧) ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی نییە.

پاش ئەمانە، چەند پێشنیازێکی دی خراونەتە بەرچاو، لەمانە، لە چاپدانی دیوانی شاعیرەکانمان و پێشخستنی هونەری چیرۆکنووسین و نەخستنە پشتگوێی چیرۆکی شانۆگەری، بەتایبەتی بۆ ئەو چیرۆکانەی لە دەردودووی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەدوون، لەپاڵ دامەزراندنی "شانۆیەکی ئەهلی دا (ل ٤٧ – ٥١). لەدوای ئەمەش، هاتوومەتە سەر هونەری وەرگێڕان و، گرنگیی ئەم کارە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی (ل ٥١). لێرەشدا سەرنجی خوێنەرەوەم بۆ دوو جۆرە وەرگێڕان ڕاکێشاوە: یەکەم: وەرگێڕانی شاکاری بێگانە بۆ زمانی کوردی (ل ٥١– ٥٤)، دووەم: وەرگێڕانی شاکاری کوردی بۆ زمانی بێگانە (ل ٥٤–٥٨)، هەروەها دەرکردنی زنجیرەیەک پەرتۆک بەنێوی "زنجیرەی کورد بە عەرەبناسین" ەوە (ل ٥٥). خۆشم وەک یەکەمین هەنگاو لە مەیدانی هونەری وەرگێڕاندا، نامیلکەیەکم لەساڵی ١٩٥٨ دا بەنێوی " وەرگێڕان هونەرە" ەوە بڵاوکردەوە، کە لە سلێمانی و لە چاپخانەی "ژین" چاپکرا، بێجگە لەوەش، لەزستانی ١٩٥٧ دا لە بەسرە چیرۆکی "پاڵتۆ" ی نووسەری ڕووس "گۆگۆل"م کرد بە کوردی و لە ١٩٥٨ دا لە بەغدا لە چاپم دا. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەوە پێش (لەساڵی ١٩٥٥ دا) لە بەغدا چیرۆکی "گەرداو" ەکەی "ویلیام شێکسپیر" م کردبوو بە کوردی و، هەر لەو ساڵەدا لە چاپم دابوو. پاش ئەمانە هاتوومەتە سەرباسی فەرهەنگ نووسینەوە و، فەرهەنگم بە "بڕبڕەی پشتی زمان" داناوە

(ل٥٨). لێرەدا پەنجەم بۆ ئەو فەرهەنگانە راکێشاوە کە تا ئەوکاتە لە کایەدا هەبوون و، قەدری ئەوانەم گرتووە کە نووسیویانن. داواشم لە فەرهەنگنووسەکانی ئەو سەردەمە کردووە کە کۆڕێک بگرن بۆ یەکخستنی هەوڵ و تەقەلای خۆیان، تا رۆژێک دێ "کۆڕێکی زمانەوانی بۆ کورد" پێکدێ (ل ٦٣ – ٦٤). ئەوەشم باسکردووە کە دەبێ فەرهەنگێکی گشتگر بۆ هەموو شێوەکانی زمانی کوردی دروست بکرێ. بەداخەوە ئەم فەرهەنگە تا ئەوڕۆش (١٩٨٧) هەر نییە. هەروەها پێشنیازی ئەوەمکردووە کە چەند فەرهەنگێکی دیکە دروست بکرێن بۆ زمانی کوردی و زمانە بێگانەکان (ل ٦٥).

پاش ئەمانەش باسی ئەوەم کردووە کەدەبێ "دەستوورێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی" بنووسرێتەوە کە هەموو شێوەکانی زمانەکە بگرێتەخۆی و، ئەوەشم سپاردووە بە دەستەیەک نووسەر و زانا و ئەدیب کە خەڵکی هەموو لایەکی کوردستانیان تێدابێ (ل ٦٧ – ٦٩). شایانی باسە، کە رێزمانێکی یەکگرتووی کوردی تا ئەوڕۆش نییە. خۆم بەرکوڵێکی ئەم کارەم لە سەرەتای حەفتاکاندا بە نامیلکەی "زمانی یەکگرتووی کوردی" ئامادەکرد کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا لە بامبێرگ لە چاپدرا. لە کۆتایی نامیلکەکەدا، هاتوومەتە سەرباسی "زاراوەی زانستانە" (ل ٧٠ – ٧٢) و، بەرپێچی ئەوانەم داوەتەوە کە دەیانگوت زمانی کوردی زانستی پێ نانووسرێتەوە. راستییەکەی زۆرمپێخۆشە کە بەکردەوە توانیم قوڕوقەپ بەو هوردەبورژوا، کۆلکەخوێندەوارە، هیچ لەباردا نەبووە، هەڵپەرستانە بکەم کە گاڵتەیان بەزمانەکەی خۆیان دەهات. دوایی کە زمانەکە بەهیمەتی ئێمەمانان کەمێک کەوتە برەو، ئەوجا کەوتنە بازرگانیکردن پێیەوە و ئێستەش بوونەتە "کولتوورچی".

بەڵێ، بەشانازییەوە دەڵێم، یەکەم کەس بووم کە زاراوەی ماتماتیک و فیزیک و کیمیا و زانستی ژینداران (بایۆلۆژی) و .... هتدم بۆ زمانی کوردی داڕشت و یەکەمین پەرتۆکی جەبر و فیزیکم لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا پێنووسییەوە و بڵاوکردەوە. هەروەها لەبیرمە، پاش کودەتاکەی قاسم (١٩٥٨) بەماوەیەکی کورت، ئێمە چەند مامۆستایەکی کورد، بیرخەرەوەیەکمان دابوو بە قاسم و، وەزیری زانیاریی ئەودەمەی عێراق کە جابر عومەر بوو و، لەوێدا داوای مافە کولتوورییەکانی کوردمان کردبوو، جا لەم کارەماندا هەر ئاگری رک و کینەی شۆڤێنیستە عەرەبەکانمان لە خۆمان هەڵنەگیرساندبوو، بەڵکو گەلێک لەو فەریکە مارکسییە کورد و عارەبانەی، پاش کودەتای قاسم، دەوروخولی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیان دابوو، بووبوونە دوژمنی خوێنەخوێمان. رۆژێکیان لەگەڵ هەردوو مامۆستای کۆچکردوو سادق بەهادین و حەمە تۆفیق وردی چووبووینە وەزارەتی پەروەردە و زانیاری بۆ باسی مەسەلەی خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە نێوەندییەکانی کوردستاندا. کاربەدەستێکی فەریکە مارکسی عەرەب کە لەزەمانی مەلیکدا چڵکاوخۆرێکی

ئەو رژێمە بوو و، هەر پاش کودەتاکە خۆی سۆر کردبوو، پاش ئەوەی لەدەمەتەقێدا بەزاندمان، روویکردە ئێمە و گوتی: "باشە ئێوە ئەمە دەڵێن، کوا پەرتۆکی زانستانە بە کوردی!". منیش هەر دەستبەجێ دەستم بە هەگبەکەمدا کرد و بەستەیەک پەرتۆکی زانستیی چاپکراو و دەستنووسم خستە بەردەستی. ئێدی قسەی پێ نەما.

شتێکی دیکە کە دەمەوێ لێرەدا بەداخەوە بیهێنمەوە بیر، ئەو لافاوە گەورەیە بوو کە لەرۆژی ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ دا لە سلێمانی هەستا و، بوو بە هۆی کوشتنی گەلێک کەس. جا لەبەر ئەوەی نامیلکەی خوێندەواری بەزمانی کوردی لەوکاتەدا لەژێر چاپدا بوو، ئەوا بە قازانج و مایەوە پێشکێش بە لێقەوماوانی لافاو کرا. هەرچییەک لە پەرتۆکەکە دەفرۆشرا دەدرایە دەست مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ – سەرۆکی لێژنەی پیتاک کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی لافاو.

جا ئێستە تۆ، خوێنەرەوەی بەویژدان، ئەوا ئەم نامیلکەیە خرایە بەردەستت، ئەم نامیلکەیەی کە سی ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی ئەو رۆژەدا، لەلایەن کوردێکی بیست ودوو ساڵەوە نووسراوە، کە ئەو دەمە، نەک لە هیچ زانستگەیەکی ئەورووپا نەیخوێندبوو و بەس، بەڵکو لە کوردستان و عێراق و ئێران و چەند وڵاتێکی عەرەب پتر، هیچ لایەکی جیهانیشی نەدیبوو. تۆ خۆت سەرپشک بە لەبڕیارداندا و، بزانە ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی دەستپێشکەرانە بوو بۆ ئەو سەردەمە، یان نا، ئەوجا بەرپرسیاریی تۆ و هەموو کەسێکی وەک تۆ چییە لە پشتگیریی ئەم هەنگاوانەدا؟!

**(*) — سی ساڵ، لەساڵی ١٩٨٧ دا. ئێستە کە ساڵی٢٠٠٧ ە، دیارە دەبێتە پەنجا (٥٠) ساڵ.**

**هەر لێرەدا سەرنجی خوێنەرەوە بۆ ئەوە رادەکێشم کە ژمارەی لاپەڕەکانی پەرتۆکەکە کە لەم پێشەکییەدا هاتووە، بەپێی ژمارەکانی چاپی یەکەم و چاپی دووەمی پەرتۆکەکەیە، کە چاپی دووەمی فۆتۆکۆپییەکی چاپی یەکەمە.**

**جەمال نەبەز**

**بەرلین: ٢٩ی ئابی ١٩٨٧**

# چەند وتەیەک

هاوولاتی خۆشەویست....

هەروا لەبیرمە جاریکیان گۆڤاریکم پەڕە پەڕە دەکرد، کوتوپڕ لە سووچیکەوە چاوم بەم هەواڵە کەوت:

"ئایە دەزانیت رۆژی ۱۰۰۰۰۰ (سەت هەزار) چاپکراو بەزمانی ئینگلیزی دیتە بازاڕەوە؟".

بەڵێ... سەت هەزار چاپکراو! سەت هەزار چاپکراوی هەمە چەشنە بە گوتار و نووسراوە و رۆژنامە و نامیلکەوە، دەخرینە بەردەم خوێندەوارانی زمانی ئینگلیزی لە تاقە رۆژیکدا، واتە، سی ملیۆن لە مانگیکدا و سی و شەش ملیۆن لە ساڵیکدا.

بەڕاستی من کە چاوم بەم ژمارە گەورەیە کەوت، گەلێ واقم وڕما. ناهەقیشم نییە... چۆنکە ئەوەتەی ئیمە هەین هیچ کاتیک بە خۆمانەوە نەدیوە مانگی کتیبیکمان بەزمانی کوردی بۆ دەرچووبێ، بگرە جاری وابووە لە ساڵیکدا، یان لەنیوان دوو ساڵاندا، تەنیا پەرتۆکیک دەرچووە، ئەویش بە هەزاران ئەرک و دەردیسەری، کەچی ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاوبووەتەوە و، ئەوی دیکەی لە کونوقوژبنی دوکانی کتیبفرۆشەکاندا بووەتە خۆراکی مشک و مۆریان.

بیگومان ئەمە بەڵگەیەکی بەهیزە بۆ پاشکەوتنی نەتەوەکەمان و، بەجیمانی لە کاروانی گەلانی زیندوو، چۆنکە بڵاونەبوونەوەی چاپکراو لەنیو گەلیکدا، مانای نەبوونی زانستی و بوونی نەخوێندەوارییە و، بە پیچەوانەی ئەوەوە، زۆریی چاپکراو و بڵاوبوونەوەی لە سنووریکی فراواندا، تیگەیشتن و پیگەیشتنی ئەو گەلەمان دەخاتە بەرچاو.

ئیمڕۆ هەموو تیگەیشتوویەکی دڵسۆزی کورد دەزانێ، نرخی خوێندەواری چییە و، بۆی دەرکەوتووە کە خوێندەواری، سەرەڕای ئەوەی پیوانەیەکە بۆ پیشکەوتنی گەلان، هاوکات بۆ گەلی پاشکەوتووی وەک ئیمە، کلیلی دەرگەی خڕداخراوی رزگارییە. گەلی کوردیش بۆ ئەوەی کۆتوزنجیری کۆیلەتی لەپیی خۆی داماڵێ و، بەنیو شەوەزەنگی دیلی و کویرەوەریدا، ریی رزگاری بدۆزیتەوە بەرەو دنیای رۆناکی و بەختیاری، پیویستە چەکی زانین و هونەر بەرامبەر دوژمنانی زانیاری و پیشکەوتن راست کاتەوە و، مەشخەڵی خوێندەواری بەزمانی شیرینی کوردی بەرزکاتەوە، تا تیشکە بەتینەکەی کویرایی یەکجاری، بەچاوی پڕوپووشاوی شەمشەمەکویرە و کوندەبەبووی شوومی تاریکیدا بهینیت.

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە هەر خوێندەوارییەک بەزمانی نەتەوایەتی نەبێ، وەک سفری لای چەپ بینرخە، چۆنکە خوێندن بەزمانی بیگانە، گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی بەرزی نەتەوایەتیمان تیدا دەمرینێ و لەجیگەی ئەوە، دەماری بیگانەپەرستی و

ناکۆکی و ڕاراییمان تێدا پەیدا دەکات. بۆیە دەبێ تا لە وزەماندابێ، خوێندەواری بەزمانی خۆمان بڵاوبکەینەوە و بیخەینە برەو. جا هەرچەندە جێی شانازییە کە لەم ڕۆژانەدا سەرەتای جوولانەوەیەکی پیرۆز دەستیپێکردووە، بەڵام زۆر بە پێویستمزانی ئەو بەرهەڵستانە کە بوونەتە بەردی ڕێگر لەبەردەم بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردیدا بخەمەڕوو، تا بتوانین یەک یەک لەڕێیان لادەین. بێجگە لەوەش، هەندێک لەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی ڕازاندنەوە و گەشەپێدانی پەرتۆکخانە چۆلوهۆلەکەمان دەستنیشانیان کەم، تا دەستوبردیان لێبکەین و، بەزوویەکی زوو ئەم ئاواتە بەرزەمان بهێنینەدی.

ئیتر هیوام زۆرە کە گەنجی خوێندەواری بەهۆش، کوورەی مەردایەتی بێتە جۆش و، لەبیری خۆی نەباتەوە کە لە سەدەی کارەبا و ئەتۆمدا دەژی، لەو سەدەیەدا کە هەرچی دەمدەکاتەوە داوای ڕزگاری دەکات. تەنانەت ئەو نەتەوانەی کە وا ژمارەیان لە سەت هەزارێک تێپەڕ نابێ، هەموو خاوەنی خۆیانن. بەسە، چەرکەس و مەغۆل و بەربەر و هێندییەکانی خوارووی ئەفریقاش بەزمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن، لەکاتێکدا نەتەوەیەکی ١٥ ملیۆنی کورد، نەک هەر تەنها میراتی دەهەزار ساڵەی باوباپیرانی لێ زەوتکراوە و، ماڵی خراوەتە سەر بەشی ماڵان و بەس! بەڵکو لەو هەقە کەمەش کە بە کوردی خوێندنە بێبەشکراوە! بەرادەیەک لە هەندێ جێگەدا، کوردینووسین بەتاوانێکی وا دەدرێتە قەڵەم، کە سەری ئەو کەسەی تێدا بەبڕین دەچێ.

برای کوردم!

چەند هەزار ساڵێکە ڕێی یەکێتیمان هەڵە کردووە، دیلی و نۆکەری و بوختانپێکردن و، دانە پاڵ جنۆکە و، کردن بە ترکی شاخاوی و بە کەردانە قەڵەم نەبێ، هیچی دیکەمان دەستنەکەوت. دەمێکە لەسای سەری دووبەرەکی و ناکۆکییەوە کەوتووینەتە سەروپۆتەلاکی یەکتری و دوژمنانمان لەبیر چووەتەوە. باجارێکیش لایەک لەخۆمان بکەینەوە و، دەست بدەینە دەستی یەک. باوەڕیشمان بێ کە هەتا یەکێتی و برایەتی و تێکۆشین وەستابێ، هێز نییە لەبەردەممماندا خۆی بگرێ.

ئیتر لەپێناوی خزمەتکردنی کورد و زمانی کوردیدا، بەدڵێکی نەترس و گیانێکی لەخۆبوردووەوە بەرەو پێش.....

**جەمال نەبەز:**

**کەرکووک، ڕۆژی پێنج شەممە**

**٨ ی مانگی ڕەزبەر ٢٥٦٩ی کوردی**

**بەرامبەر بە ٢٩ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٧ی زایینی.**

# بەشی یەکەم

## هۆی بڵاونەبوونەوەی زمانی کوردی

سەرەتا و لەم بەشەدا لەو کەند و کۆسپانە دەدوێین کە خراونەتە سەررێی بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی. پاش ئەوەی ئەمانەمان ئاشکراکرد، ئەو حەلە چارکردنیشیان دەخەینە بەرچاو.

### ١- بەربەرەکانێکردنی زمانی کوردی: -

لەسەتەی بیستەمدا، لەسەتەی هێزی کارەبا و ئەتۆمدا (١*) لەسەتەی هەوڵداندا بۆ رزگاری و دۆستایەتی و لەیەکگەیشتن و برایەتیی گەلان، تازە لە هەندێ شوێندا نەتەوەی کورد ناوێرێ زمانی خۆی بەکار بهێنێ بۆ خوێندن. چۆنکە لەو شوێنانە، کوردایەتی بەتاوان دەدرێتە قەڵەم. تاوانێکی ئەوتۆ کە سزای لە خنکاندن کەمتر نییە. بەڕاستی کۆمەڵی نەتەوە یەک (نە) گرتووەکان دەبێ تک تک ئارەقی شەرم و شوورەیی برێژن لەئاستی نەتەوەی کورددا... کاتێ هەموو لەپێناوی ئازادی و چۆن یەکیا بەدەم سەری شەش شەش دەبڕن، کەچی زەق زەق بەبەرچاویانەوە (٧) ملیۆن کوردی بەستەزمانی بێتاوان لە ترکیادا نەک هەر تەنها لەهەموو جۆرە هەقێکی مرۆڤایەتی بێبەشکراون و بەس، بەڵکو ئێستەش بەدزییەوە نەبێ ناوێرن بەزمانی دایکوباوکیان گفتوگۆ بکەن! چۆنکە بەڕەسمی ترکی شاخاوییان پێدەڵێن. لە ئێرانیشدا بەبیانووی ئەوەوە کە کورد بە تیرەیەک لە فارس دەدرێنە قەڵەم (ئاوا!)، خوێندن و نووسینیان بەکوردی لێ قەدەخە کردوون و، هەر کەسێ کتێبێ، یان نامەیەکی کوردی لێبگیرێ، ئیتر ئەوە وەک پیاوی کوشتبێ، یان ماڵی میری تاڵان کردبێ، دەبێ لەزینداندا تا چەند ساڵێک بۆخۆی برزێ و کەس لێی نەپرسێتەوە. تەنها لە عێراقدا خوێندەواری بەزمانی کوردی لە سنوورێکی زۆر تەنگ و کەمدا ماوەی دراوە، کەچی هێشتا ئەوەش بەتەواوی لەلایەن کوردەکانەوە کەڵکی لێنەبینراوە.

ئەم بەربەرەکانییە سەختەی کە لەگەڵ زمانی کوردی دەکرێ، تەنها بۆ ئەوەیە نەتەوەی کورد بتوێنرێتەوە و ببرێتە دنیای نەمان، تا ئەو حەلە تەختی رازاوەی کوردستان بۆ داگیرکەرە جانەوەرەبێئابڕووەکان تەخت بێ و، بێترس و لەرز پاڵی لێبدەنەوە. بەڵام ئەوانەی دڵی خۆیان بەمە خۆشکردووە، دڵنیابن کە خەیاڵیان خاوە و فڕیان بەسەر مێژووی گەلانەوە نییە. رابوردووی گەلان بۆمان دەردەخا کە هیچ نەتەوەیەکی رووی زەوی بەزۆرەملی و بەنابەدڵی نەتوێنراوەتەوە و لەنێو نەبراوە، بەڵکو هەتا هەوڵدرابێ بۆ لەنێوبردن و نەهێشتنی، بەپێچەوانەی ئەوەوە، گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتیی زیاتر کڵپەی سەندووە و، بڵێسەی بەرز

بووەتەوە. بەڵام دیسان نابێ لەمە واتێبگەین کە ئەم بەربەرەکانێیە هیچ زیانێکی لەزمانەکەمان نەداوە، بەڵکە بەپێچەوانەی ئەوەوە، تا رادەیەکی زۆر بووەتە هۆی دواخستنی و کەمبرەوی، بەبۆنەی داخستنی ئەو دوو بازاڕە گەورەیەوە (*٢) کە کوتاڵی کوردایەتی تێدا بلاودەبێتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو چاپکراوەی لە عێراقدا دەردەچێ، هەر لە عێراقیشدا بلاودەبێتەوە، چۆنکە ماوەی بلاوبوونەوەی نادرێ لە کوردستانی ئێران و ترکیادا وەک گوتمان.

بەکورتی، باری سیاسی ئێستەی کورد و ژیانی لەژێر سێبەری چەند رژێمێکی جیاوازدا، بووەتە هۆی ئەوەی لە هەر شوێنێکدا، بەچەشنیکی تایبەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ و، لەگەلێ شوێنا زۆر بەتوندی قولاچۆی خۆی و زمانەکەی بکرێ، جادیارە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبرەوی و ترساندن لەبلاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانەکەی.

**ب – تەنگوچەڵەمەی جیاوازیی شێوەکان: –**

بوونی چەند شێوەیەکی نەختێ دوور لەیەک، لەهەر زمانێکدا، دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەرێی بلاوبوونەوەی خوێندەواریدا بەو زمانە. لەکوردەواریدا چوار شێوەی بنچینەیی هەیە: "گۆرانی" "کرمانجی" "لوڕی" "زازایی". کرمانجیش دووچەشنە: کرمانجی باکوور و کرمانجی خواروو (*٣).

ئەم شێوانەش جیاوازییان لەگەڵ یەکدی بەجۆرێکە، هەندێ جار دوو کورد زۆر بەزەحمەت لەیەکتر تێدەگەن، لەبەر ئەوە ئەو چاپکراوانەی لەنێوچەیەکی کوردستاندا دەردەچێ، لەنێوچەکانی دیکەدا زۆر کەم کەڵکی لێدەبینرێت و، لە ئەنجامدا، خوێندەواری بەزمانی کوردی، زۆر باوی نابێ. بۆنموونە، ئەو پەرتۆکانەی لەعێراق دەردەچن، کوردەکانی بندەستی سووریا کەڵکی لیوەرناگرن و، ئەو پەرتۆکانەی لەوێ دەردەچن کوردی بندەستی عێراق باش تێیناگەن، چۆنکە بەدوو شێوەی جیاواز دەنووسرێن. بۆ ئەمە پێویستە تەنگوچەڵەمەی جیاوازیی شێوەکان بخەینە بەرچاومان و لەبنەڕەتەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام جارێ با بزانین هۆی بوونی ئەم شێوانە چییە؟

بوونی چەند شێوەیەک لەهەموو زمانێکدا شتێکی ئاساییە، ئەگەرچی جیاوازیی ئەم شێوانە بەم جۆرە نەبێ کە لە زمانەکەی ئێمەدا هەیە، بەڵام دەبێ بزانین ئەم شێوە جیاوازانە لە ئەنجامی چەند هۆیەکەوە پەیدادەبێ، (*٤) لەم هۆیانە:

یەکەم: باری سیاسی – وەک ئەوەی وڵاتێک لەنێو چەند دەوڵەتێکدا دابەشکرابێ و، هاتوچووکردن لەنێوان ئەو بەشانەدا برابێ.

دووەم: بەرهەڵستی جوگرافی – وەک بوونی چیای سەخت و رووباری گەورە ودەشتی پان و فراوانی چۆڵ، کە رێی تێکەڵبوون لە دانیشتووانی ئەو ولاتە بگرێ.

سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی ٠ وەک ئەوەی هەر بەشێک لەو گەلە تێکەڵ بە گەلێکی دیکەی لەخۆی پێشکەوتووتر بووبێ.

بێجگە لەمانەش، هەندێ هۆی دیکە هەن، وەک ئاووهەوای ئەو ولاتە و چۆنێتیی پێکهاتنی دەروونیی (تکوين النفسى) ئەو گەلە، بەڵام کارکردی ئەمانە بۆ سەر زمان لەوانەی پێشوو کەمترە. ئێستە ئەگەر نەختێک هوردببینەوە، دەبینین ئەم هۆیانە هەموو لە کورد روویانداوە، بۆنموونە، لەتلەتکردنی کوردستان و، دابەشکردنی بەسەر چوار پێنج دەوڵەتدا، کارێکی وایکردووە، لەهەر شوێنێکدا نەتەوەی کورد ملکەچ بێ بۆ رژێمی ئەو دەولەتەی کە لەسای سێبەریدا دەژیی و، لەهەموو سەرێکەوە و، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە، هەریەکەیان دەیەوێ زمانی خۆی بەزۆر بسەپێنێ بەسەر کوردەکانی ژێردەستیدا و، بەجۆرێک بیانهێنیتە سەربار کە کەڵکی خۆی تێدابێ، دیارە لەم ماوەیەدا کورد دەکەویتە ژێر رکێفی زمانی رەسمی ئەو دەوڵەتەوە. بۆنموونە، لە ترکیادا کە کوردەکان، تەنانەت ناوێرن بڵێن کوردین و، ناویان ناون (ترکی شاخاوی)، زمانەکەیان تەزووی زمانی ترکی پێگەیشتووە. هەروەها لەئێراندا زمانی فارسی کاریکردووەتە سەری و، لە عێراق و سووریاشدا زمانی عەرەبی، تا هەندازەیەک ورۆژمی بۆهێناوە. لەبەر ئەوە زمانی کوردی لەهەر ولاتێک لەم ولاتانەدا، شێوەیەکی تایبەتی گرتووە، دیسان ئەو بەرهەڵستە جوگرافیایانەی لە کوردستاندا هەن، وەک چیا و رووبار و دۆڵ و شیو، هەموو بوونەتە هۆی ماوەنەدان بە تێکەڵبوونی دانیشتووانی کوردستان و، لە ئەنجامدا پەیداکردنی چەند شێوەیەکی جیاواز. بێجگە لەمانەش، ژیانی کورد لەگەل چەند گەلێکی لەخۆی پێشکەوتووتردا، وەک عەرەب و ترک و فارس وایکردووە لەهەر شوێنێکدا زمانەکەی تەزووی زمان و ئەدەبیاتی ئەو گەلەی دیکەی پێبگات. کەواتە، بەکورتی: ژیانی کورد لەسای سێبەری چەند رژێمێکی جیاوازدا و، دوورخستنەوە و ماوەنەدانی بە تێکەڵبوون لەنێوخۆیدا و بێبەشکردنی لەخوێندن و زیندووکردنەوەی زمان و سامانی نەتەوایەتیی خۆی، بووەتە هۆی پەیداکردنی چەند شێوەیەکی جیاواز و، هەتا بەم بارە بمێنێتەوە، ئەم جیاوازییەش پتردەبی و، شێوەکان دوورتر دەکەنەوە لەیەکدی.

ئێستە کە تێگەیشتین هۆی پەیدابوونی ئەم شێوانە لە زمانەکەماندا چییە، دیارە دەبێ بزانین کە بوونی داوودەزگەیەکی یەکگرتووی رێکوپێکی خۆیی دەبێتە هۆی نێزیکبوونەوە و یەکخستنی ئەم شێوانە، بەڵام ئیمرۆ کە ئەو داوودەزگەیە نییە، پێویستە لەسەرمان، هەتا ئەو حەلە، لەرێگەی بەهێزکردنی هەستی یەکێتی و گیانی

برایەتی و هاوچارەنووسییەوە، دەمی خەڵک بە خوێندنەوەی کوردی چێشکە بکەین و ئەهلی شێوەکان بەیەکدی بناسێنین. بێگومان ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و پەرتۆکەوە دەبێ بەهەموو شێوەکان، نەک تەنها بەشێوەی سلێمانی. لێرەدا دەبێ بزانین کە پێڕەویکردنی ئەلفوبێی لاتینی لەلایەن هەموو نەتەوەی کوردەوە، بە هەنگاوێکی گەورە دەژمێردرێ لەم مەیدانەدا. چۆنکە ئێستە پێنج شەش جۆر نووسینی جیاواز هەیە: لە ئێراندا کورد بە خەتی شکستەی فارسی دەنووسێ و، لە عێراقدا بەتیپی عەرەبی دەسکاریکراو و، لەسووریا بە لاتینی و، لە ئەریڤان بەتیپی رووسی و، لە ترکیا نووسینی هەر نییە. لەبەر ئەوە، کوردی وڵاتێک، خێر لە زادەی بیری کوردی وڵاتێکی دیکە نابینێ. با دوور نەچین.... کە فەرهەنگی (مەردۆخ) لەئێران چاپکرا و هاتە عێراقەوە، چەند کەسێکی کەم نەبێ کە ئاشنای زمانی فارسی بوون، کەسی دیکە کەڵکی لێنەدی و، لەئەنجامدا، ژمارەیەکی زۆرکەمی لێبڵاوبووەوە، چۆنکە بەخەتی شکستەی فارسی نووسرابوو. هەروەها کوردەکانی سووریا ناتوانن چاپکراوەکانی عێراق بخوێننەوە، چۆنکە بەتیپی عەرەبی رانەهاتوون بۆ کوردی خوێندنەوە. کوردی عێراق و ئێرانیش، کتێبە کوردییەکانی سووریا دەستنادا بۆیان، چۆنکە تیپی لاتینی نازانن. کوردەکانی ترکیا کەڵک لە چاپکراوەکانی عێراق وەرناگرن، چۆنکە تیپی عەرەبی لەوێ رێبەندکراوە. دەمێنێتەوە کوردەکانی ئەریڤان کە بە تیپی رووسی کوردییەکەیان دەنووسن، بێگومان نەئەوان کەڵک لەنووسینی براکوردەکانی دیکەیان وەردەگرن و، نە براکوردەکانیان کەڵک لە نووسینەکانی ئەوان وەردەگرن، چۆنکە هیچیان شارەزای تیپی یەکتری نین.

جا بۆ ئەوەی هەموو کوردێک بتوانێ نووسینی کوردەکانی دیکە بخوێنێتەوە بە هاسانی، پێویستە هەموو پێڕەوی یەکجۆرە نووسین بکەین. بۆ ئەمەش دەبێ تیپی لاتینی بهێنرێتەکایەوە، وەک کوردەکانی بندەستی سووریا، چۆنکە، بێجگە لەوەی کە لاتینی باشترین و راسترین رێگەیە بۆ نووسینی زمانەکەمان، لەسەرێکی کەشەوە، کەڵکێکی زۆرتر دەگەیەنی بە براکوردەکانی ترکیا کە بێبەشن لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان – بەهۆی نێزیکی لاتینی کوردییەوە لە لاتینی ترکی. جادیارە ئەو چاپکراوەی کە بەم تیپانە بنووسرێ، کوردەکانی ترکیاش زۆر بە هاسانی سەری لێدەردەکەن. دیسان بڵاوکردنەوەی تیپی لاتینی لە باشووری کوردستاندا، وەنەبێ شتێکی زەحمەت بێ، ئەگەر بێتو دڵسۆژانە هەوڵ بدرێ لەگەڵی. چۆنکە خوێندەواری بەزمانی کوردی لە عێراقدا تا رادەیەک ئازادە. دەمێنێتەوە سەر کوردەکانی ئێران، لام وایە ئەوانیش، کەمێ ماوەیان بدرێ، بەزوویەکی زوو ئاشنای ئەم نووسینە دەبن. سەبارەت بەوەی لاتینی گەلێک سووکتر و رەوانتر و خۆشترە لە خەتی شکستەی

فارسیی ئێستەیان. لەئەنجامدا ئەم کارە پیرۆزە، نێزیک خستنەوەی شێوەکانمان زۆر بۆ هاسان دەکات.

جا بۆئەوەی خوێندەواری بەزمانی کوردی بڵاوببێتەوە، پێویستە هەوڵبدەین بۆ نێزیکخستنەوەی شێوەکان بە پێڕەویکردنی تیپی لاتینی و بەکارهێنانی هەموو شێوەکان بۆنووسین.

**ج – نەبوونی هۆی چاپکردن و بڵاوکردنەوە:** - نەبوونی دەسگەیەکی رێکوپێک بۆ چاپکردن و بلاوکردنەوە، بەلای منەوە، کۆسپێکی گەورەیە لەرێی پێشکەوتن وپەرەسەندنی خوێندەواری بەزمانی کوردی، چۆنکە وەنەبێ نەتەوەی کورد خوێندەوار و تێگەیشتووی وای نەبێ کە بتوانێ خزمەتی زمانەکەی خۆی بکا و، بیباتە ریزی زمانە زیندووەکانی جیهانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەوە، گەلێک زانا و ئەدیبی هەڵکەوتووی وای هەیە، کە یادگاری زۆر بەرز و بەنرخیان بۆ هێناوەتە بەرهەم. بەڵام سەبارەت بەوەی لە کوردستاندا داوودەزگەیەکی بڵاوکردنەوەی وانییە ئەرکی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانە بخاتە ئەستۆی خۆی، دیارە خاوەنەکانیان ناچاردەبن لەسەر ئەرکی خۆیان لەچاپی بدەن و، هەر خۆشیان دەستەبەر ببن بۆ بڵاوکردنەوەی. جا ئەو کەسە، ئەگەر هەژار و دەستکورت بوو،ئەوا هەر بۆی چاپ ناکرێ. خۆ ئەگەر هاتو نەختێک دەسترۆیشتوو بوو، بەڵام کوردێکی بەجەرگ و لێبوردوو نەبوو، ئەوا لەتاو نەبوونی چاپخانە لەوڵاتەکەی خۆی، ناچار دەبێ وازی لێبێنێ. هەر بەم جۆرەش بووە کە بەشێکی گەورەی سامانی نەتەوایەتیمان لەنێو چووە. بەڕاستی جێی داخە کە لەم چەرخی بیستەمەدا، لەهەموو کوردستانی عێراقدا (*٥) تاقە چاپخانەیەک نەبێ، ئامادەبێ بۆ چاپکردنی چاپەمەنی بەزمانی کوردی. دەبینی لە شارێکی وەک سلێمانی دا کە بە **"قیبلەی کوردستان"** دەژمێردرێ، هەتا ئێوارێ چاپخانەیەکی (ژین) ی تێدایە کە ئەویش لە رۆژنامەکە بەولاوە ناتوانێ هیچ شتێکی دیکە لەچاپبدات. لەبەر بچووکی مەکینەکە و سووانی تیپەکانی، ئەگەر پیاو زۆر لەخۆی نەکات رۆژنامەکەشی بۆ ناخوێندرێتەوە. لێرەدا بەپێویستیدەزانم تکایەکی برایانە لەخاوەنی چاپخانەی (ژین) بکەم، بەتایبەتی کە شوکر دەستدار و بووەن – خوێندەوارانی (ژین) لەو تیپە کۆنە داخوراوانە رزگار بکەن. ئەمە سلێمانی بوو (*٦) کە خەلکی، حسێبی زۆری بۆ دەکەن لە مەیدانی کوردایەتیدا. جا با بێینەوە سەر شاری هەولێر، کە نەک تەنها کۆنترین شاری کوردستانە و بەس، بەڵکو لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان دەژمێردرێ. کەچی هەتا ئێستە لە چاپخانە کۆنەکەی خوالێخۆشبوو (حوزنی موکریانی) بەولاوە، کە لەم دواییەدا مامۆستا گیوی برای ناوی نا (چاپخانەی کوردستان)چاپخانەی دیکەی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەم چاپخانەیەش، هەرچەندە

نێزیکەی ٤٥ ساڵە لەکاردایە و، لەم ماوەیەدا چی لە وزەدا بووبێ درێخی نەکردووە، بە ئەندازەیەک، بەشێکی زۆری چاپکراوە کوردییەکان لەوێ لەچاپدراون، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی کەمدەست و بێ پشتیوانە و، هاوکات، خۆی کرێکار و تیپڕیزکەر و هاتوچووکەرە، دیارە ئەو خزمەتەی کە لێی چاوەڕواندەکرا، نەیتوانیوە بیکا. بێگومان کەرکووک یش کە گەورەترین شاری باشووری کوردستانە، لە هەولێر و سلێمانی باشتر نییە. چۆنکە لە کەرکووک، ئەگەرچی چەند چاپخانەیەک هەیە، بەڵام لە چاپخانەکەی ئەمین عەسری کە پێی دەڵێن چاپخانەی تەرەقی – بترازێ، ئەوانی دیکە تا ئێستە تاقمی ڕێکوپێک و تەواویان نییە بۆ چاپکردنی کوردی. خاوەنی "چاپخانەی تەرەقی" ش، بێ چاوێنی بێ، هەتا (نان و ماست) و (شای ماران) و (ئیزرائیل و زەنجەفیڵ) و (چل تووتی) لێ وەستابێ، شتێک لەچاپ نادات کە بڵێین ئۆخەی (٧*). دەمێنێتەوە سەر نێوچەی بادینان. خۆ لە بادینانیش، خوا نەکا، کتێب ببێ بە کوردی، چ جایەکی چاپخانە (٨*).

کەواتە، لە کوردستاندا ماوەی چاپ و چاپگەری نییە. لەبەر ئەوەیە، کوردێکی بەسەزمان کە بەهەزاران کوێرەوەری و ترس و شەونخوونی، نامیلکەیەک دەهێنێتە بەرهەم، دەبێ ڕووبکاتە بەغدا و، لەوێش ناچاربێ لە چاپخانەی مەعارف لەچاپی بدات. چۆنکە هەتا ئەم ڕۆژانی دواییە، تیپی کوردی هەرلەوێ دەستدەکەوت. "چاپخانەی مەعارف" یش، بەهۆی کارزۆری و بێباکییەوە، چەند مانگێک ئەو کەسە لە بەغدا دەهێڵێتەوە، یان ئەوەندە هاتوچووی بەغدای پێدەکا، نووسراوەکە ١٠ قات و ١٥ قات لەسەری دەکەوێ. ئەو حەلە چاری نامێنێ دەچێ نرخێکی وازۆری لەسەر دادەنێ کە زیانی تێدا نەکات. لەوەدا دەبینێ کتێبەکانی بۆ نافرۆشرێ و دەکەوێتە ژێرباری قەرزەوە. بەکورتی، کارێک بەسەر ئەو نەگبەتەدێ ئەگەر زۆر بەزات و چاوقایم نەبێ، ناتوانێ جارێکی دیکە لاپەڕەیەک لەچاپبداتەوە. هەر ئەم ڕەوشە ناخۆشەش بوو، وای لەهەندێ کەس کرد، قسە لەگەڵ چەند چاپخانەچییەکی بەغدایی بکەن و، بیانخەنە سەر کەڵکەڵەی هێنانی تیپی کوردی. بەڕاستیی هەندێکیان بۆ بەربەرەکانێکردنی چاپخانەی مەعارف، دەستوبرد کەوتنەخۆیان و، یەک لەدواییەک تاقمی کوردییان پەیداکرد. لەبەر ئەوە ئێستە لە چاپخانەی ئەسعەد و نجوم و تەمەدون و نەجاح و نوور، ئەم تیپانە دەستدەکەون.

ئەمە هەتا ئێرە بەزمی چاپکردن بوو. ئەمجا با بێینە سەر بەزمی بڵاوکردنەوەی ئەو چاپکراوەی کە وا بەم دەردیسەرییە پێکهاتووە. دەبینی ئەو کەسە هەرئەوەندە کتێبەکەی لەژێر چاپ دەرچوو، دەستبەجێ تەنگوچەڵەمەی بڵاوکردنەوەی دێتە بەردەم. بەڕاستی بڵاوکردنەوەی چاپکراو لە کوردستاندا، لە چاپکردن گرانتر نەبێ هاسانتر نییە. چۆنکە

هەندێ جێ، هەر بەجارێ کتێبخانەی تێدا نییە. لەبەر ئەوە، زۆر جار، پەرتۆکەکان بەسەر ورگی خاوەنەکەیانەوە دەمێنێتەوە و، هەندێ جاریش ناچار دەبێ بیداتە دەست کەسانی ئەوتۆ کە پارەکەی بۆ بخۆن و، مایەی بکەن بە مایەی پیوازفرۆش. جا ئەو حەلە ئەگەر نووسەر زۆر دڵسۆز و لێبوردوو نەبێ، بەتەواوەتیی زەوقی دەشکێ و، ورە بەردەدا و ئیتر، لەباتی تۆبەیەک سەد تۆبە دەکا کە تا ماوە پەرتۆک چاپ نەکاتەوە.

بۆ چارکردنی ئەمەش، پێویستمان بە تاقمێک گەنجی ئیشکەرە کە چاکی خەبات بکەن بەلادا و پرۆپاگەندەیەکی زۆر بکەن بۆ چاپەمەنیی کوردی. لەسەرەتاوە بەدەستی خۆیان بە هەموولایەکدا بلاویبکەنەوە و، خەڵک هانبدەن بۆ کڕین و خوێندنەوەی، هەتا راستەخەڵکەکە وایان لێ دێ دەمیان بە خوێندنەوەی کوردی چێشکە دەبێ. بێجگە لەمەش، بوونی چەند نێوەند (مرکز) ێک بۆ دابەشکردنی چاپکراوی کوردی، شتێکی زۆر پێویست و بەکەڵکە، وەک کۆگای سرۆچک و گەلاوێژ و زێوەر لە سلێمانی و کتێبخانەی پشتیوان لە خانەقین (٩*).

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ، نەبوونی داوودەزگەی چاپکردن و بلاوکردنەوە لە کوردستاندا، بووەتە بەرهەڵستێکی گەورە لەڕێی پێشکەوتنی خوێندەواری بەزمانی کوردی. لەبەر ئەوە، یەکەمین هەنگاو کە دەبێ بینێین، دامەزراندنی بنکەیەکە بۆ چاپکردن و بلاوکردنەوەی نووسراوەی کوردی (١٠*). ئەمەش پێکنایەت، هەتا چەند گەنجێکی بەکاری دڵسۆز دەست نەکەن بەیەکا و، سەرمایەیەک پێک نەهێنن. بۆ ئەوەی ئەو حەلە هەر کەسێ کتێبی کوردی هەیە و، ناتوانێ لەچاپی بدا، ئەوان لەگەڵی ڕێکبکەون و بۆی چاپ بکەن، یان بەجارێ لێی بکڕن و قازانجەکەی بەخت بکەن بۆ بنبەستکردنی پرۆژەکەیان. ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، ئەمانە دەبێ لەهەمو نێوچەکانی کوردستاندا، چ لە شارەکان و چ لە گوندەکان، خەڵکی باوەڕپێکراویان هەبێ بۆ بلاوکردنەوەی ئەو چاپکراوانە و، ناو بۆ ناو، حسێبیان لەگەڵدا بکەن، هەتا قازانج و زیانی خۆیان تێبگەن. پێشموایە ئەگەر نێوەندی بنکەکە لە شاری کەرکووک دابنرێ باشترە. چۆنکە کەرکووک گەورەترین شاری کوردە و، نێوەندی باشووری کوردستانە. هیچ قەیناکا، ئەگەر ئەمانە لەسەرەتاوە کتێبەکانیان لە چاپخانەیەکی بەغدادا لەچاپ بدەن، هەتا بۆخۆیان چاپخانەیەک دادەمەزرێنن. بۆ دامەزراندنی چاپخانەش لە کوردستاندا، کە هەنگاوێکی زۆر گەورە و گرنگە بەرەو بلاوکردنەوەی خوێندەواری بەزمانەکەمان، من ناڵێم تاقە کوردێک هەستێ و دەستبەرێ چاپخانەیەک بکڕێ، هەر چەندە چاپخانە وەنەبێ ئەوەندە گران بێ. بەڵام چی دەبێ ئەگەر وەک (شرکەتێکی مساهمە) چەند کەسێک کۆببنەوە و، لەجێیەکی وەک کەرکووکدا، کە نێو جەرگی کوردستانە، چاپخانەیەکی مام ناوەندی دابمەزرێنن، ئەو

حەلە هەرچی پەرتۆکی کوردی هەیە لەوێ لەچاپ بدرێ و، ئەوەندە پارە و ئەرکمان بەفیڕۆ نەڕوا بەملا و بەولادا. بێگومان ئەمە شتێکی زۆر هاسانە و، هیوام وایە بەم زووانە ئەم ئاواتەمان بهێنرێتەدی.

## بەشی دووەم
## (دەبێ چی بکەین ئیمڕۆ!؟)

پاش ئەوەی لەو گیروگرفتە سەختانە دواین کە دێنە سەرڕێی خوێندەواری بەزمانی کوردی و، هەر یەکە بەپێی توانا چاری خۆیمان بۆ دۆزییەوە، ئێستە چاکتر وایە باسێکی ئەو ئیشە گرنگانەش بکەین کە لە سەرەتاوە کردنیان زۆر پێویستە، چ بۆ ژیاندنەوەی زمانەکەمان و چ بۆ رازاندنەوەو پڕکردنەوەی ناتەواویی پەرتۆکخانە چۆلوهۆلەکەمان. ئەو ئیشانەش ئەمانەن:

**أ- دامەزراندنی پێوەندییەک لەنێوان ئەدیب و نووسەرەکانی کورددا بەنێوی (دەستەی نووسەرانی کورد):**

لەهەموو ولاتێکی پێشکەوتوودا، تەنانەت لەولاتانی دەرودراوسێیەکانیشماندا، هەر لە کۆنەوە ئەم جۆرە پێوەندییانە لەنێوان نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندەکانیاندا پێکهێنراوە، بۆ پێشخستن و زیندووکردنەوەی سامانی نەتەوایەتیی گەلانی خۆیان. ئەم نووسەر و هونەرمەند و لێهاتووانە، لەنێو خۆیاندا ناسیاوی پەیدا دەکەن و، بەردەوام زانین و بەرهەمی تێکۆشینی ئەدەبییان لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکەن و، بە کۆمەڵ، یان بە جیاجیا دەنووسن و وەردەگێڕن و بلاودەکەنەوە و بەهەر شەش مانگ، یان ساڵی جارێک، کۆبوونەوەیەک ساز دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە و بەسەرکردنەوەی گیروگرۆی ئەدەبیی ئەو ماوەیە. بەلام داخی گرانم، لە کوردستانی ئێمەدا، بەهۆی ژێردەستەیی و پەشۆکاویی نێوخۆمانەوە، گەلەکەمان لەم شتە کەمە بێبەشە. بۆیە بەکارێکی یەکجار پێویستیدەزانم کە دەستەیەک لە نووسەر و ئەدیب و ئەوانەی شارەزای مێژووی گەلەکەمانن، کۆببنەوە و ئاشنایەتی و هەرەوەزییەکی دلوگیانی لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن و، هاوکات هەوڵبدەن بەرەسمی ئیجازەیەک لەمیری بستێنن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێک بەنێوی (دەستەی

نووسەرانی کورد) دوە (١١*) کە ئامانجی تەنیا ژیاندنەوە و پێشخستنی زمان و مێژوو و ئەدەب و هونەری کورد بێ لەسەر بنچینەی نیشتمانپەروەری. پاش دروستبوونی کۆمەڵەکە، ئەو حەلە دەبێ ئەندامەکانی ببن بە دوو تاقم:

**تاقمێکیان**، گەشتێکی دوورودرێژ بە کوردستاندا (١٢*) بکەن بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەستنووسە کۆنانەی کە وا باووباپیرانمان بە یادگار بۆیان بەجێهێشتووین و، ئێستە لە کونوقوژبنی ماڵان و تاقەکۆنی مزگەوتاندا چاوەڕێی پووان و لەنێوچوون دەکەن. ئەمانە هەرچی چۆنێک دەبێ، پێویستە بدۆزرێنەوە..... سا یان بە کڕین، یان بەرێککەوتن لەگەڵ خاوەنەکانیان، چۆنکە ئەمانە میراتی نەتەوایەتیمانن و نابێ بیەڵین بفەوتێن.

تاقمەکەی دیکەش، دەبێ گەشتێک بەولاتانی بێگانەدا بکەن بۆ سەرلێدانی کتێبخانە بەنێوبانگەکانی جیهان، تاکو ئەو سەرچاوانەی کە بەزمانی بێگانە لەبارەی کورد و کوردستانەوە نووسراونەتەوە، روونووسیان بکەن و بیانهێننەوە (١٣*). ئەوجا کە ئەم دوو تاقمە ئیشی خۆیان تەواوکرد و گەڕانەوە، دەبێ ئەندامانی دەستەی نووسەران، ئەو نووسراوانە بهێنن و بەباشی لێیان وردببنەوە و بژارێکی تەواویان بکەن و، ئەوەی پێویستی بە وەرگێڕانە وەریگێڕن. دوای ئەمە، بە (شەرح) و (تەعلیق) دوە چاپیان بکەن و بەنێو خەڵکدا بڵاویان بکەنەوە. بێجگە لەمەش دەبێ، (اعلانێک) لە رۆژنامەکاندا بکەن کە کێ کتێبی دەستنووسی لاهەیە و پێیناکرێ چاپی بکا، دەستبەجێ بیباتە لای (دەستەی نووسەران) تا چاوی پێبکەوێ و، ئەگەر زانی کەڵکێکی لێدەوەشێتەوە، یارمەتیی خاوەنەکەی بدا بۆ چاپکردن و پەخشکردنی.

ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا، ئەو دەستەیەیە کە زیندووکردنەوە و پاڵپێوەنانی سامانی نەتەوایەتیی کوردی پێدەسپێردرێ، دەبێت، لەشارەزایانی مێژوو، زمان و، هونەری هەموو نێوچەکانی کوردستان پێکهاتبن، نەک تەنیا تاقە شوێنێک، بۆ ئەوەی بتوانن لە هەموو روویەکەوە خزمەتێکی راستینەی سامانی کوردایەتیی بکەن.

## ب: - دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاری – زمانەوانی:

ئێمە نەک تەنیا پێویستمان بە دەستەیەک نووسەری بەکار و لێهاتوو هەیە کە ویژە و مێژووی نەتەوەکەمان بۆ زیندوو بکەنەوە و بەس، بەڵکو هەر لەوکاتەدا پێویستمان بە چەند دڵسۆزێکی دیکەش هەیە، کە هەریەکەیان لە لقێکی زانیاریدا پسپۆرێکی شارەزا و، لەزمانی کوردیشدا دەستێکی باڵایان هەبێ، تاکو ئەوانیش کۆمەڵێک بەناوی (کۆڕی زانیاری – زمانەوانی) یەوە پێکبهێنن. ئەم کۆمەڵەیە دەبێ،ئامانجی ئەوەبێ، ئەو (مصطلحات) ە زانیاری و هونەرییانەی کە لەزمانی کوردیدا نین، وەریانبگێڕێتە سەر کوردی و، پەیتا پەیتا هەوڵبدەن بۆ نووسین و وەرگێڕانی پەرتۆکی زانیاری و هونەری،

وەک فیزیا  وکیمیا  وجەبر و ئەندازە و وێنەگری ... و هتد. وا چاکترە ئەو کۆمەڵە، گۆڤارێکی زانیاری بەناوی خۆیانەوە دەربکەن کە تەنیا ئەم باسانە بنووسێ و هیچی تر، وەک ئەو گۆڤارە عەرەبییەی کە لە لوبنان دەردەچێ بەناوی (العلوم) ەوە (١٤*). دیارە ئەو حەلە هەر وشەیەک کە ئەمانە دایبرێژن، یان وەریبگێڕن، گەلێ باشتر و راستتر و پەسندتر دەبێ لای خەڵک، وەک لەوەی هەر کەسە بەکەیفی خۆی بچێ و شتێک دروست بکا و، بەزۆرەملێ بیەوێ بیسەپێنێ بەسەر گەڵدا. من لەوباوەڕەدام کە کارکردنی ئەم کۆمەڵە بەگەرمی  و دڵسۆزی، کارێکی وادەکا، لەماوەیەکی زۆر کەمدا خوێندنی زانیاری بەزمانی کوردی ببێتە باو.

ئەوجا ئەم دوو کۆمەڵە (نووسەران و زانیاران)، بۆ ئەوەی بەباشی بتوانن خزمەتی نەتەوەی کورد بکەن لەڕووی زیندووکردنەوەی زمان و وێژە و مێژوو و زانیارییەوە، پێویستە لەسەرەتاوە گەلێ شت هەیە دەستیبدەنێ و، پێکیبێنن، تا بتوانن لە کارەکەیاندا سەرکەون. ئەو شتانەش ئەمانەن:

### ١- پەرتۆکخانەیەکی گشتیی بۆ کورد

ئەوەی لەم رۆژانەدا بیەوێ هەندێک زانیاری لەبابەت کوردستانەوە کۆبکاتەوە، یان بەتەمای ئەوەبێ شتێک لەبارەی زمان و وێژە و مێژووی کوردەوە بنووسێتەوە، بەڕاستی سەرسام دەبێ، چۆنکە هیچ سەرچاوەیەکی وای دەستناکەوێ کەڵکی لێوەرگرێ. ئەمە نەک تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ژمارەی ئەو پەرتۆکانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون زۆر کەمە، بەڵکو بەشی زۆری، سەبارەت بەوەیە ئەو نووسراوانەی کە سەر بە کوردن لە پەرتۆکخانە گشتییەکاندا تاقولۆقە چنگ دەکەون، بەجۆرێک ئەوی لەدڵی خۆیدا ئاواتێکی هەڵگرتبێ، بەرە بەرە وایلێدێ پشتی سارد دەبێتەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەش، پێویستە نووسەران و زانایانی کورد بیر لە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی گشتی خۆمانە بکەنەوە ... بەڵام دروستکردنی پەرتۆکخانەیەکی واگەورە و فراوان، گەلێ بەرهەڵستی دێتەڕێ، بچووکترینیان ئەوەیە سەرمایەیەکی زۆر و ئەرکێکی گرانی دەوێ، چۆنکە سەرەرای ئەوەی کڕینی کتێبەکان و دامەزراندنی پەرتۆکخانەکە دەسمایەیەکی قورسی دەوێ، هاوکات پرۆژەیەکی وا، پێویستی بە کاربەدەست و بەڕێوەبەرە، کە ئەمانە هەموو مووچە ومانگانەیان دەوێ. جا دیارە ئەوەش لەم رۆژەدا بە خەڵک پێک نایەت، یان زۆر بە زەحمەت سەردەگرێ. بەڵام بەلای منەوە، باشترین رێگە ئەوەیە هەوڵبدەین لە پەرتۆکخانە گشتییەکانی کوردستان لە شارەکاندا، سا لە کەرکووک بێ، سلێمانی بێ، یان لە هەولێر. بەشێکی تایبەتی بکرێتەوە بۆ کتێبی کوردی و ئەو کتێبانەی کە سەر بە کوردن و، بەزمانی کوردی و بەزمانی بێگانە نووسراونەتەوە. ئەو حەلە دەستبکرێ بە پەیداکردنیان

بەیارمەتیی خوێندەواران ودەستڕۆیشتووان. هەروەها تۆمارێکی تایبەتی بکرێ، ناوی هەموو ئەو پەرتۆکانەی تێدا بنووسرێ بەپێی "بابەت" یان، تاکو خەڵک بەباشی سووتیان لێ ببینن.

ئەم پەرتۆکانەش سێ جۆربن:

١- ئەو پەرتۆکانەی کە بەزمانی کوردی هەتا ئیمڕۆ دەرچوون لەعێراق و ئێران و ترکیا و سووریا و رووسیا و هەموو شوێنێکی دنیادا.

٢- ئەو پەرتۆکانەی کە بەزمانی بێگانە لەبارەی کوردەوە نووسراونەتەوە.

٣- ئەو دەستنووسانەی کە بە کوردی، یان سەر بەکوردن و، هەتا ئێستە چاپنەکراون (١٥*).

بێگومان، ئەمەش بەدەستەیەک نووسەر و زانا پێکنایەت. بۆیە لەهەردەمێکدا دەستی بدەنێ، چاوەڕوانی یارمەتیی گەلن. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە خۆی بە نیشتمانپەروەر دەزانێ، دەستی هەرەوەزیان بۆ درێژ بکات، سا یان بە پەرتۆک کڕین، یان بە پێشکێشکردنی ئەو نووسراوە بەنرخ و دەگمەنانەی کە ئێستە لە بازاڕدا دەستناکەون. من لەو باوەڕەدام ئەگەر تاقمێک دڵسۆز بێن و بەردی بناخەی کارێکی وا بەکەڵک دابنێن، گەلێ کەس دەبێ یاریدەیان بدات، چۆنکە ئەمە کەڵکێکی تێکڕایی وخزمەتێکی گشتیی تێدایە.

## ٢- خوێندنی سەرەتایی بەکوردی:

پێویستە ئەو دەستەی نووسەرانە کە پێکدێ، بە گورجی دەست بە دەرهێنانی زنجیرەیەک پەرتۆکی سەرەتایی بەزمانی کوردی بکاتەوە، بۆ ئەوەی منداڵان و نەخوێندەوارانی کورد و، تەنانەت بێگانەکانیش فێری خوێندنەوەی کوردی بکات، لەسەر تازەترین رێگە. لەبەر ئەوە دەبێ ئەو پەرتۆکانە، بەجۆرێک هاسان و رەوان و نیگاراوی بن کە ئارەزووی خەڵک رابکێشن بۆ خوێندنەوەیان. دیسان دەبێ بکرێن بە چەند دەستەیەک:

دەستەیەکی بۆ ئەو منداڵە بچووکانە بێ کە تازە دەستدەدەنە خوێندنەوە. دەستەیەکی دیکە، بۆ ئەو کوردانە بێ کە بەهۆی کەمدەستی و هەژارییەوە بە منداڵی، بێبەش ماونەتەوە. دەستەی دواییش بۆ ئەو بێگانانە بێ کە دەیانەوێ فێری کوردی ببن. ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، نابێ نووسینی لاتینی بەهیچ شێوەیەک بخرێتە پشتگوێ، بەڵام هاوکات دەبێ بەرە بەرە و لەسەرخۆ و بەچەند هەنگاوێک هەوڵبدرێ بۆ بڵاوکردنەوەی، نەک بە یەک قەڵەمباز لە تیپی عەرەبی واز بێنین و، بچینەسەر لاتینی. ئەز بێگومانم کە بەکارهێنانی تیپی لاتینی، خوێندنەوەی کوردیمان زۆر بۆ هاسان دەکا

و، رچە دەشکێنێ بۆ بڵاوبوونەوەی زمانەکەمان لە سنووریکی زۆر فراواندا، چۆنکە ئەو کەسەی دووساڵ زمانی کوردی دەخوێنێ بەتیپی عەرەبی و، هێشتا بەتەواوییش فێری نابێ، دەتوانێ بەتاقە مانگێک فێری نووسینی لاتینی ببێ و هەڵەی تێدا نەکا، ئەمە بێجگە لەو کەڵکە زۆرەی کە تیپی لاتینی هەیەتی، ئەگەر بێتو بەراورد بکرێ لەگەڵ تیپی عەرەبیدا (١٦*).

بێجگە لەمەش، دەبێ هەوڵبدەین کە خوێندن لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا بکرێتە کوردی و، پەرتۆکەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانیش هەموو بەتیپی لاتینی بنووسرێنەوە، تا ئەم تیپانە بەباشی جێی خۆیان بگرن (١٧*).

### ٣- رۆژنامە و گۆڤار:

بەهەموو داخێکەوە دەڵێم، براکوردەکانی ژێردەستەی ترک و عەجەم ناتوانن بەهیچ کولۆجێک گۆڤار و رۆژنامە دەربکەن، چۆنکە دەرهێنانی ئەم چەشنە شتانە لەو وڵاتانەدا بۆ کورد قەدەخەیە. ئەگەرچی ئەو رۆژنامەیە بەنێو هی کورد بێ، کەچی لەژێرەوە پڕۆپاگەندە بۆ ئەو بێگانانەو نیزامەکانیان بکا، دیسان هەر ماوەی دەرهێنانی نادرێ. تەنیا لە عێراق و باشووری کوردستاندا دەتوانرێ گۆڤار ورۆژنامە بە کوردی دەربهێنرێ، ئەوەش وەنەبێ لەسنووریکی فراوان و ئازاددا بێ، لەگەڵی لاوە بە کۆتوزنجیری قورس بەستراوەتەوە. جارێ گۆڤار و رۆژنامەی سیاسیی بەهیچ جۆرێک بەکوردی رێینادرێ. ئەوەتەی ئەم عێراقە دامەزراوە، تەنیا لەساڵی ١٩٤٨ دا نەبێ، گۆڤارێکی سیاسی هەفتەیی بە عەرەبی و کوردی بەنێوی (نزار) ەوە دەردەچوو، کە ئەویش پاش چەند ژمارەیەک داخرا، ئیتر لەوە بترازێ، کورد گۆڤار و رۆژنامەی سیاسی بەخۆیەوە نەدیوە. بەڕاستی ئەمە شتێکی نارەوا و نابەجێیە. وەرە دووملیۆن کورد لە باشووری کوردستان و لە عێراقدا رۆژنامەیەکی سیاسییان نەبێ کە ببێتە زمانڕەوشیان!!

نەتەوەی کورد، دەبێ زۆر سۆربێ لەسەر داواکردنی رۆژنامە و گۆڤاری سیاسیی بە عەرەبی و بە کوردی، کە لەبەشی کوردییەکەیدا، دەنگوباسی جیهان و بیروباوەڕی بێگانەی بەرامبەر بە کورد تێدا بنووسرێ. لە بەشی عەرەبییەکەشیدا، داخوازییەکانی کورد و ناتەواوییەکانی کوردستان بخرێتە پێش چاوی کاربەدەستان و، هاوکات خزمەتی سیاسەتی کوردایەتیی تێدا بکرێ و، بیروباوەڕی خەڵکی، ئەگەر بە چەوت گەڕاوە بەرامبەر بە کورد، تێیدا راستبکرێتەوە و، بەربەرەکانێی ناحەز و دوژمنەکانی تێدا بکرێ. ناو بەناویش، لە ئەدەبیاتی زیندووی کوردی، چەند پارچەیەکی دەگمەن هەڵبژێردرێ و بکرێ بە عەرەبی، تا دۆست و دوژمن تێمان بگەن کە ئێمە نەتەوەیەکی زیندوو و هۆشیارین و مافی هەموو چەشنە ژیانێکی باشمان هەیە.

بێجگە لەمەش دەبێ ژمارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییانەی کە ئێستە هەن، وەک (ژین) و (هەتاو) و (هیوا) زۆرتر بکرێن و هەوڵبدرێ بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەیان. ئەو شوێنانەی کوردستانیش کە تائێستە رۆژنامەیان تێدا دەرنەچووە بەکوردیی، تیایاندا دەربکرێ. بەڕاستیی جێی سەرسووڕمانە، شارێکی وەک کەرکووک کە گەورەترین شاری باشووری کوردستانە، دوو رۆژنامەی بە ترکمانیی تێدا دەربچێ بۆ کەمایەتیەکی زۆر کەم، کەچی تاقە یەکێکی تێدا نەبێ بۆ زۆرینەی کورد. (لەپاش تەواوکردنی ئەم نامیلکەیە زانیم کە لە کەرکووک جەنابی شێخ عەبدولقادری بەرزنجی هەوڵیداوە بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی هەفتەیی بەکوردی و عەرەبی بەنێوی "باوە گوڕ گوڕ" ەوە. هیوام وایە تەمەنی درێژ بێ و، براکوردەکانی کەرکووک خێری لێ ببینن!). لەبەر ئەوە پێویستە براکوردەکانی کورکووک تێبکۆشن بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەک لەوێ بەزمانی کوردی. هەروەها براکوردەکانی بادینانیش هەوڵبدەن کە لەیەکێ لەشارەکانی بادیناندا، دهۆک بێ، زاخۆ بێ، ئامێدی بێ، یان هەر جێیەکی دیکە بێ، رۆژنامەیەک بەشێوەزاری بادینی دەربکەن بۆ براکوردەکانی ئەو نێوە کە ژمارەیان لە (٣٠٠) هەزار کەس تێپەڕی کردووە.

### ٤- چاپکردنی دیوانی شاعیرەکانمان و پێشخستنی چیرۆکی کوردی!

نەتەوەی کورد هەمیشە شانازی بەو سامانە ئەدەبییەوە دەکات کە وەک گەنجینەیەکی پڕبایەخ پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە، دیسان شانازی بەزادەی بیری ئەدیب و شاعیرەکانی ئیمڕۆیەوە دەکات، کە هێندێکیان گەیشتوونەتە پایەیەکی زۆر بەرز لە ئەدەبەکەیاندا، وەک هەژار و گۆران و جگەرخوێن و هەردی و بێکەس و گەلێکی دیکە. بەڵام ئەوەی جێی داخ بێ ئەوەیە، ئەم سامانە بەنرخە هێشتا کۆنەکراوەتەوە و، نەخراوەتە بەرچاوی خەڵک، چۆنکە ژمارەیەکی زۆرکەمی نەبێ، ئەوی دیکەی تائێستە لەچاپنەدراوە. ئەوانەی لەچاپیش دراون، هەموو کەموکورت و ناتەواو و پڕ لەهەڵەن. بێجگە لەوەش، بەشی زۆری ئەو دیوانە چاپکراوانە لەبازاڕدا نەماون. لەبەر ئەوە زۆر بە پێویستیدەزانم، کە دەستەی نووسەران دەستبکا بە کۆکردنەوەی بەرهەمی شاعیرەکانمان و یەک بەیەک لە شیعرەکانیان بکۆڵێتەوە و، ئەوسا بە (تعلیق) و لێکدانەوە و مێژووی ژیانی شاعیرەکە و وێنەیەکییەوە، بە تیپی عەرەبی و لاتینی، دیوان بە دیوان لە چاپی بدا. زۆر مخابن، دیوانی هەژار و بێکەس و دڵدار و مەلای جزیری و ئەسیری کەرکووکی و فەقێ تەیران و نافێعی سەقزی و ئەحمەد موختار جاف و سەدانی دیکە، هەتا ئێستە گۆڕیان ون بێ و لە تاقەکۆنی ماڵاندا برزێن. چاپکردنی ئەم دیوانە کوردییانە کەڵکێکی زۆر گەورەمان پێدەگەیەنێ، چۆنکە بێجگە لەوەی شارەزای زادەی بیری رابوردوو وئیستامان دەکات، واشمان لیدەکا لەسەر بناخەی ئەو گەنجینەبەنرخە و، بەراوردکردنی بە ئەدەبیاتی

زیندووی گەلانی دیکە، بنچینەی ئەدەبێکی نوێ و سامانێکی تازەی نەمر بۆ خۆمان دابمەزرێنین.

## با بێینە سەر چیرۆک:

ئەدەبی کوردی لە چیرۆکدا زۆر هەژار و لات و دواکەوتووە. هەرچەندە کورد چیرۆکنووسی زۆر بەرز و نێوداری هەیە وەک (برایم ئەحمەد و ناسر ئازاد و بیژەن و قەدری جان و .... هتد)، بەڵام چۆنکە چیرۆکنووسین لەنێو ئێمەدا هەتا ئەم چەند ساڵەی دواییە، نرخێکی واینەبووە، دیارە ئەمانیش زۆر مەیلی چیرۆکنووسینیان نەکردووە و، پێ بەپێی ئەوە ئەم هونەرە جوانە بەکەڵکە لە ئەدەبی کوردیدا گەلێ پاشکەوتووە. لەبەر ئەوە، دەبێ بەهەموو توانایەکمانەوە هونەری چیرۆکنووسی باش فێربین و، پێشی بخەین. بەڵام دەبێ ئەو چیرۆکانەی کە دەنووسرێن، لەنێو جەرگی ژیانی گەلەکەمانەوە دەرهاتبێ و پالمان پێوەنێ بەرەو داهاتوویەکی خۆش و بەختیار، ئەگینا چیرۆکی خەیاڵی و میتافیزیکی و دوور لە (واقع) کەڵکی گەلێکی وەک ئێمە ناگرێ.

لێرەدا پێویستە چیرۆکی (شانۆگەریی) مان بیرنەچێ، چۆنکە ئەم جۆرە چیرۆکە دەورێکی گەورە دەگێڕێ لەچاو کردنەوە و راپەڕاندنی گەلدا، بەتایبەتیی ئەو چیرۆکانەی وا لە دەردودووی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەدوێن. جا بۆ ئەوەی لەم رووەوە سووتێکی گەورە وەرگرین، دەبێ هەوڵی دامەزراندنی شانۆیەکی ئەهلی بدەین و ئەوانەی لێهاتوون بۆ شانۆ، پێیانبگەیەنین و، هاوکات، نووسەر و ئەدیبەکانمان هانبدەین بۆ نووسینەوەی چیرۆکی (واقعی) بەکەڵک. شانبەشانی ئەوەش، هەندێک لە چیرۆکە بەرزەکانی بێگانەش وەربگێڕینە سەر کوردی و، لەسەر شانۆ پێشانبدرێن، ئەو حەلە لەم رێگەیەوە خزمەتێکی زۆر گەورە بە گەلەکەمان دەکەین، چۆنکە گومانی تێدا نەماوە کە (شانۆ قوتابخانەی گەلە).

## ٥- وەرگێڕان:

ئێمە پێویستمان بە دوو چەشن وەرگێڕان هەیە:

أ- **وەرگێڕان لەزمانی بێگانەوە بۆ کوردی:** - هەر گەلێک بیەوێ لە مەیدانی شارستانێتیدا هەنگاوی گەورەبنێ، دەبێ بەر لەهەموو شتێک لەڕادەی پێشکەوتن و بەرزیی گەلانی دیکە بگات، ئەوەش بەخوێندنەوەی مێژوو و ئەدەبیات و زانیاری و سامانی نەتەوایەتیی ئەو گەلانە دەبێ.

بێگومان لەوزەی هیچ کەسێکدا نییە فیری زمانی ئەم هەموو گەلانە ببێ. ئێمەی کورد هەتا ئێستە نەمانتوانیوە زادەی بیری نووسەر و زانا و ئەدیبەکانی بێگانە وەربگێڕینە

سەرزمانەکەمان، بگرە دەتوانم بڵێم پەرتۆکخانەکەمان بەجارێ لەم ڕووەوە چۆڵە. با دوور نەچێن، تەنیا تەماشایەکی کتێبخانەی عەرەبی و ترکی و فارسی بکەین، دەبینین بەهەزاران لە دانراوەکانی (شکسپیر، گۆتە، گۆگۆل، هەمینگۆەی، هوارد فاست، تۆماس مان، برنارد شۆو ئێرنبۆرگ، چالس دیکێنز، ڤۆڵتێر و گۆرکی) و سەتانی دیکە لە ئەدیبەبەرزەکانی بێگانە وەرگێڕدراون بۆ ئەو زمانانە. هەر لەم ڕێگەیەشەوە، ئەو گەلانە توانیویانە ئەدەبیات و سامانی نەتەوایەتیی خۆیان، لە ئەدەبیاتی زیندووی گەلانی دیکە موتوربە بکەن. لەبەر ئەوەیە کە یەکجار بەپێویستیدەزانم دەستبردێک بکەین لە وەرگێڕانی سەرچاوەی ئەدەبە نەمرەکانی جیهاندا بۆ کوردی. بەڵام هەمیشە لەبیرمان بێ، ئەوانەی بەم ئەرکە هەڵدەستن، پێویستە لەهەردوو زمانەکەدا شارەزابن، واتە لەزمانی کوردی و، ئەو زمانەدا کە لێوەی وەردەگرن. لەبەر ئەوە، چاکتر وایە ئەوانەی کە شارەزایی تەواویان هەیە لە زمانە بنچینەکەدا، ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەگەر ئەوانەش نەبوون، مەبەست ئەگەر هاتو نەتوانرا یەکسەر لەزمانە بنچینەکەوە وەربگیرێ، قەیناکا لەزمانێکی وەک عەرەبی، یان ترکی، یان فارسییەوە وەربگیرێ، بەو مەرجەی وەرگێڕانی یەکەم (ئەمینانە) بێ و، وەرگێڕانە کوردییەکەشی لە قاڵبێکی خۆماڵیدا بهێنرێتە کایەوە، بەجۆرێ، شەرتەکانی هونەری وەرگێڕانی لێ بێتەدی (١٨*). ئەم هەنگاوە پیرۆزە، خوێندەواری کورد والیدەکات تێگەیشتنێکی گشتیی پەیدا بکا، بێئەوەی پێویستییەکی زۆری بەزمانی بێگانە بێت.

## ب- وەرگێڕان بۆ زمانی بێگانە:

ئێمە چەند پێویستمان بەوە هەیە سامانە بەنرخەکانی بێگانە وەرگێڕینە سەرزمانی خۆمان، ئەوەندەش پێویستمان بەوە هەیە کە ئەدەبیاتی زیندوو و مێژووی پڕ لەشانازیی نەتەوەکەمان وەربگێڕینە سەر زمانە زیندووەکان، بۆ ئەوەی گەلانی دەروداروسێ و دووروڵات، وەکیەک، لە ئیستا و رابوردوومان بگەن و، بە هەڵە نەچن لە ناسینماندا. تابزانن ئێمەش گەلێکین هەین و خاوەنی ئەدەب و مێژوو و سامانی نەتەوایەتیی خۆمانین (١٩*). چەند شتێکی بەجێبوو (مێژووی کورد و کوردستان) و (مێژووی سلێمانی) ئەمین زەکی بەگ کە بە کوردی بوون، وەرگێڕدرانە سەر عەرەبی. هەرووەها (شەرەفنامە) لە فارسییەوە وەرگێڕدرایە سەر عەرەبی و، هومێد وایە بشکرێتە کوردی (٢٠*). چەند شتێکی بەجێش دەبێ (تاریخ مردوخ) ی ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی، لە فارسییەوە بکرێتە کوردی و زمانەکانی بێگانە. (شایانی باسە، لەنووسینەوەی ئەم نامیلکەیە بووبوومەوە کە بە پۆستە بەرگی یەکەمی پەرتۆکی "تاریخ مردوخ" م بۆ هاتە کەرکووک، کە لەلایەن (مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی) یەوە کرابوو بە کوردی).

بەڕاستی جێی شانازییە بۆ ئێمە کە (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی وەرگێڕدراوە بە چەند زمانێکی ئەوروپایی وەک فەرەنسی و ڕووسی و ئەڵمانی و، هیوام وایە بشکرێتە عەرەبی وچەند زمانێکی دیکە (٢١*).

چەند ڕووسووریییە بۆ ئێمە، چەند پارچەیەک لە هەڵبەستەکانی (مەولەوی) و (پیرەمێرد) و (هەژار) و (جگەرخوێن) و (گۆران) و چەند چیرۆکێک لە چیرۆکە بەرزەکانی (برایم ئەحمەد) وەربگێڕدرێنە سەرزمانەکانی دراوسێمان و زمانە زیندووکانی جیهان. هیوام وایە گەنجە خوێندەوارە هۆشیارەکانی کورد، زۆر بە پەرۆشەوە دەستبدەنە ئەم کارە بەکەڵکە، کە پرۆپاگەندەیەکی زۆر کاریگەرە بۆ نەتەوەکەمان.

## ٦- فەرهەنگ: -

فەرهەنگ، بڕبڕەی پشی زمان و ئەو کەشکۆڵە گەورەیەیە کە هەموو شێوەکانی زمانەکە کۆدەکاتەوە و، پشتاوپشت دەیپارێزێ لەنەمان و لەنێوچوون. دیسان دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەیەک بەهاسانی شارەزای زمانی نەتەوەیەکی دیکە ببێ. بۆیە گەلە پێشکەوتووەکان و، بگرە دواکەوتووەکانیش (بێجگە لە کوردا)، هەر لە کۆنەوە فەرهەنگی ڕێکوپێکی هەمەچەشنە و ڕەنگاوڕەنگیان پێکهێناوە، چ لە زمانەکەی خۆیانەوە بۆ زمانەکەیان و، چ لە زمانەکەی خۆیانەوە بۆ زمانە بێگانەکان. بەڕاستی بەهەموو ئاخوداخێکەوە دەڵێم، نەتەوەی کورد هەتا ئیمرۆ فەرهەنگێکی وای نییە پێی بگوترێ فەرهەنگ. چۆنکە ئەو فەرهەنگانەی تائێستا چاپکراون، هەموو فەرهەنگۆکی پڕ لە هەڵە و ناتەواوین. هەر چەند ئەوانەی کە ئەو فەرهەنگانەیان هێناوەتە بەرهەم، پێویستە چەپکەگوڵی سوپاسیان پێشکێش بکرێ، چۆنکە وەنەبێ فەرهەنگ شتێکی ئەوەندە سووک  وهاسان بێ، هەرکەسێ دەستیدایە بەدەستییەوەبێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پشوویەکی درێژ و ماندووبوونێکی ئەوتۆی دەوێ کە لەوزەی هەموو کەسێکدا نییە. بەڵام نەگەیشتنی ئەمانە بەئامانجی تەواوەتییان، سەبارەت بەوەیە، هەر هەوڵ و تەقەلایەکیان داوە، هەمووی بەتاقی تەنیا داویانە، واتە هەرکەس بۆخۆی و، هاوکات، سەرچاوە و تفاقی زمانەوانییان لەبەردەستدا ئامادە نەبووە، جگە لەوەش، بۆ گەلێک شوێنی کوردستان نەیانتوانیوە بچن، لەوەش بەدوا، هیچیان شارەزای هەموو شێوەکانی زمانی کوردی نەبوون، چۆنکە یەکێک هەرچەندە شارەزا و زانا و هوردبین بێ، دیسان ناتوانێ بەجارێ هەموو شێوەکان وەکیەک بەباشی بزانێ. لەبەر ئەوە فەرهەنگەکانیان زۆر کاڵ  وکرچ دەرچووە. ئەو فەرهەنگانەی کە تا ئێستە لەچاپدراون، ئەمانەن:

١- فەرهەنگی(الهدية الحميدية فی اللغة الكردية)  (٢٢*)

٢- نۆباری بچووکان (٢٣*)

٣- سەرەتای دەستووری زمانی کوردی (٢٤*)

٤- ئەحمەدی (٢٥*)

٥- فەرهەنگۆک (٢٦*)

٦- رابەر (٢٧*)

٧- مەردۆخ (٢٨*).

بێجگە لەمانەش، سێ فەرهەنگی دیکەش هەن کە هێشتا چاپ نەکراون، بەڵام هەرسێکیان بەڕاستی هەوڵێکی بێژومارِیان لەگەڵ دراوە، ئەمانەش: فەرهەنگی کوردستان (٢٩*) و فەرهەنگی خاڵ (٣٠*) و فەرهەنگی بەدرخان (٣١*). ئەم سێ فەرهەنگە، هەرسێکیانم بەچاوی خۆم دیوە، بۆیە، بەرلەوەی چاپبکرێن و، بکەونە بازارِەوە، بانگێک دەدەم بەگوێی خاوەکانیاندا، تا تێبکۆشن بۆ بەستنی کۆڕێک لەچەند زمانناسێکی زانای ئەوتۆ کە هەریەکەیان شارەزاییەکی تەواوی لەشێوەیەکی کوردیدا هەبێ و، بە یارمەتیی رۆژهەڵاتناسەکان و ئەدیبە بەرزەکان، ئەو سێ فەرهەنگە، لەگەڵ فەرهەنگەکەی (مەردۆخ) یەک لەگەڵیەک بەراورد بکەن. دیسان، یاریدە لەچەند فەرهەنگێکی عەرەبی و فارسی و ترکی و ئینگلیزی و فەرەنسایی وئەڵمانییەوە وەربگرن. ئەوسا، پاش بژارکردنێکی هورد لەوانە، فەرهەنگێکی پوختەکراوی بێ هەڵە دروست بکەن و، بەنێوی هەرسێکیانەوە لەچاپی بدەن. من دڵنیام ئەو فەرهەنگەی کە بەم جۆرە پێکدێ، باشترین و راسترین فەرهەنگ دەبێ کە تا ئێستە کورد دیبێتی، بەڵام ئەگەر هاتو نەتوانرا کۆڕێک ببەسترێ لە زانایان و شارەزایانی زمانی کوردی بۆ ئەم ئامانجە، قەیناکا، با خاوەن فەرهەنگەکان لەنێو خۆیاندا هەروەزێک بکەن، ئەو حەلە بەجیا هەر کەسە بە گورجی مشووری لە چاپدانی فەرهەنگی خۆی بخوا، هەتا رۆژگار لەسەرخۆ کۆڕێکی زمانەوانی بۆ کورد پێکدەهێنێ، ئەو دەمە نێوەرۆکی ئەو فەرهەنگانە شەنوکەو دەکرێن و سەرکۆزەرەکانیان لێ فڕێدەدرێ.

ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، ئەم سێ فەرهەنگەی باسمان کرد، لەگەڵ فەرهەنگەکەی (مەردۆخ)، هەموو لە کوردییەوە بۆ کوردین، بەڵام ئێمە بێجگە لەمانە، پێویستمان بە چەشنە فەرهەنگێکی دیکەش هەیە، ئەوەیش لەزمانی کوردییەوە بۆ بێگانە و، بە پێچەوانەوە، کە تا ئێستا شتی وامان بەخۆمانەوە نەدیوە، لەبەر ئەوە، لەسەر شارەزایانی زمانی بێگانە پێویستە، ئەمە نەخەنە پشتگوێ.

بەڕاستی، دانانی فەرهەنگ چەند تەگەرەیەکی زۆر سەختی دێتەرِێ، بۆیە تا ئێستا فەرهەنگی باشمان نەبووە. یەکەم: فەرهەنگ، کاتێکی زۆر و سنگێکی فراوانی دەوێ کە هەموو کەس زات ناکا دەستی بداتێ و، گەلێ لەوانەی دەستیان داوەتێ، پاش ماوەیەکی

کەم پشتیان لێی سارد بووەتەوە. دووەم: شارەزاییەکی تەواوی دەوێ لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی بێگانەدا کە هەموو کەس ئەمەی لەباردا نییە. سێیەم: یارمەتییەکی بێوچانی دەوێ لە خەڵکەوە بۆ کۆکردنەوەی وشەی هەموو نێوچەیەک، کە ئەمە بۆ هەموو کەسێک هەڵناسووڕێ. چوارەم: پارەیەکی مۆڵی دەوێ بۆ چاپکردنی، کە دەستڕۆیشتووی زانا زۆر کەمە. پێنجەم: راستییەکەی ئەوەیە، فەرهەنگ کاری تاقە کەسێک نییە، بەڵکو کاری چەند کەسانێکی زانا و شارەزایە، کە هەموو گەلیش تێکڕا، دەستی هەرەوەزییان بۆ درێژبکات.

بەڵام هومێد بەهێزە، ئەگەر پشتگیری و ئالیکاری و گیانی خۆبەختکردن هەبێ، ئەم کۆسپانە هەموو لەڕێگە لادەچن.

## ٧- دەستووری زمانی کوردی:

دانانی دەستوورێک بۆ زمانی کوردی، وەنەبێ لەدانانی فەرهەنگ هاسانتر بێ، نەخێرا! زۆر گرانتر و بە ئەرکترە. چۆنکە رەنگە فەرهەنگنووس بتوانێ هەندێ وشەی ئەو شێوانەی قسەیان پێناکا لە خەڵک بپرسێ و، لای خۆی بیاننووسێ، بەڵام دەستوورنووس بە هیچ جۆرێک ناتوانێ دەستوورێکی رێکوپێکی گشتی بۆ زمانی کوردی دابنێ، ئەگەر بێتو شارەزای هەموو شێوەکانی زمانەکە نەبێ. بێگومان، ئێمەش هەتا ئێستە، یەکێکی وامان تێدا هەڵنەکەوتووە کە مەلەوانی هەموو لایەکی زەریای زمانەکەمان بێ، چۆنکە ماوەی فێربوونی زمانی کوردی لە سنوورێکی فراواندا نەدراوە. لەبەر ئەوە، ئەو دەستوورانەی کە تا ئیمڕۆ بۆ زمانی ئێمە دانراون، هیچیان دەستوورێکی گشتی نین و، هەر یەکەیان بنجوبناوانی تاقەشێوەیەکە. بۆ نموونە دەستوورەکەی مێجەرسۆن، کە پێشتر باسمان کرد، تەنێ لەشێوەی کرمانجیی نێوەڕاست (سۆران) دەدوێ و، ئەو دەستوورانەی کە (تۆفیق وەهبی)، (مەلا سەعید ئەفەندی) و (نووری عەلی) دایانناون، تەنێ شێوەی سلێمانی دەخەنە پێش چاو. ئەو دەستوورانەی کە (دوکتۆر کامەران) و (رەشید کورد) و (بۆل بایندەر) دایانناون، بەتەنێ باسی شێوەی کرمانجیی سەروو دەکەن.

ئا لەبەر ئەمەیە، نەتەوەی کورد ئیمڕۆ پێویستی بە دەستوورێکی یەکگرتووە کە تێکڕا هەموو شێوەکان لە قاڵبێکی گشتیدا بتوێنێتەوە. ئاشکرایە، کە ئەم کارە گرنگە بۆ تاقەکەسێک ناچێتە سەر. چۆنکە ئەو کەسە، هەرچەندە زانا وشارەزابێ لە زمانی کوردیدا، هێشتا ناتوانێ رێ بە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی بەرێ. بۆیە دەبێ (دەستەی نووسەران) کە ئەندامەکانی، هەریەکەیان، خەڵکی نێوچەیەکی کوردستانن و، هەر یەکە وەستای شێوەی خۆیەتی – هەرەوەزێک بکەن و، پێکەوە بنکەیەک بۆ

زمانەکەمان دابمەزرێنن کە هەموو شێوەکان بخاتە ژێر رکێفی دەستوورێکی یەکگرتووی کوردییەوە.

### ٨- زانیاری بەزمانی کوردی

تائێستە لەزۆر کەسم بیستووە و، بەتایبەتیی لەچینی خوێندەوار و تێگەیشتووەکانمان دەڵێن زمانی کوردی، زمانی زانیاریی نییە و، بە هیچ جۆرێک زانیاریی پێنانووسرێتەوە. بێگومان ئەمانە لەسەر هەق نین و، دەتوانم بڵێم بەهەڵە چوون، چۆنکە هیچ دوور نەڕۆین، زمانی ترکی وفارسی، هیچکاتێک لە کوردی دەوڵەمەندتر نەبوون و نین و، کەچی گەلێک باسی زانیاریشیان پێنووسراوەتەوە، بەلاّم ئێمە، بۆ ئەوەی بگەینە ئەوان، تەنێ پێویستمان بەو کۆڕە هەیە کە لەمەو پێش باسمانکرد و، نێومان نا (کۆڕی زانیاریی زمانەوانیی) بۆ ئەوەی وشەی زانیاریمان بۆ وەربگێڕنە سەر کوردی. (٣٢*). لەبەر ئەوە دەبێ ئەو کوردانەی کە وا لە زانیاریدا پسپۆڕن، هەوڵبدەن بۆ پێکهێنانی ئەو کۆڕەی لە شوێنی خۆیدا باسمانکرد، تاکو هەموو لقەکانی زانیاری وەربگێڕنە سەر کوردی، وەک فیزیا، کیمیا، ئەستێرەناسی، شینایی و گیانەوەر، بژیشکی و جیۆلۆجی و ماتماتیک و، ... هتد. بەلاّم بۆ وەرگێڕانی وشەی زانیاری (مصطلحات)، من پێموایە، ئەگەر نەمانتوانی لەزمانی کوردیدا وشەیەکی پڕ بەپڕی ئەو وشە بێگانەیە بدۆزینەوە، قەیناکا ئەگەر وشەیەکی لاتینی (عالەمی) بەکار بهێنین.

**"کۆتایی هات"**

## سەرنج:

**سەرنجی خوێنەوەرە بۆ ئەوە رادەکێشم کە لەساڵی (١٩٥٧) دا و بە پێی سنووری شارەزاییم لەو سەردەمەدا لەبارەی زمانەوە، وشەی "زانیاری" م بەرامبەر "علم" ی عەرەبی بەکار هێناوە، کە دوایی بۆم دەرکەوت ئەوە راست نییە. "زانیاری" (معلومات و اعلامات) ە. زانست (علم) ە. "زانیاری" بەرامبەر Information ی ئینگلیزییە.**

**لە نامیلکە چاپکراوەکانی ئەم زنجیرەیە:**

**١- لالۆ کەریم – چیرۆک – چاپخانەی کوردستان (هەولێر) ساڵی ١٩٥٦ز.**
**٢- نووسینی کوردی بە لاتینی – زمان – چاپخانەی مەعارف (بەغدا) ١٩٥٧ز.**
**٣- خوێندەواری بەزمانی کوردی – کۆمەلاّیەتی و زمان – چاپخانەی نوور (بەغدا) ١٩٥٧ز.**

# ژێدەرەکان!

(*١) — لە نووسینەوەی ئەم نامیلکەیە بووبوومەوە، کە دەنگی مانگە دەستکردەکەی سۆڤێت هەموو جیهانی شڵەقاند.

(*٢) — مەبەست لەو دوو بازاڕە، کوردستانی بندەستی ئێران و، ترکیایە.

(*٣) - کرمانجی خواروو پێیدەڵێن 'شێوەی سۆران".
**سەرنج: ئەم جۆرە دابەشکردنەی شێوەکان بەپێی رادەی زانینی ساڵی ١٩٥٧ بوو، نەک بەپێی زانینم لەکاتی چاپی دووەمیندا (تەماشای پەرتۆکی "زمانی یەکگرتووی کوردی" بکە، کە لە ١٩٧٦ دا بڵاومکردووەتەوە).**

(*٤) — ئەم باسە لێرەدا جێی نابێتەوە، بە دووروردرێژی لێی بدوێین، بەڵام لە کتێبە چاپنەکراوەکەمدا کە ناوی (مەسەلەی زمانە) بەندێکی تایبەتیم تەرخان کردووە بۆ ئەمە.

(*٥) — هەر چەندە لە کوردستانی بندەستی ترکیا و، ئێراندا گەلێک چاپخانە هەن، بەڵام هیچ کەڵکێکی ئێمە ناگرن، چۆنکە تەنێ ترکی و فارسییان پێبڵاودەکرێتەوە.

(*٦) — دەڵێن (ئیدارە محەللی) لەسلێمانی خەریکە چاپخانەیەکی زۆر گەورە بهێنێتە ئەوێ. هومێددەکرێ ئەم کارە بەکەڵکە هەر قسەی رووت نەبێ، چۆنکە هێندێک قسە کوومرگیان لەسەر نییە.

(*٧) — لەم دواییەدا لە کەرکووک چاپخانەیەک دامەزرا بەنێوی (مطبعة الشمال) ەوە، چەند رۆژێک لەمەوبەر چووم بۆ چاوپێکەوتنی، بەڕاستی چاپخانەیەکی زۆر گەورە و تەواوە. خاوەنەکەشی ئامادەبوونێکی تەواوی نیشاندا بۆ چاپەمەنیی کوردی، چ بەتیپی عەرەبی و چ بە تیپی لاتینی. هومێدم وایە کەڵکی لێببینین.

(*٨) — بەڕاستی زۆر سەیرە لەشوێنێکی وەک بادیناندا کە ژمارەیان لە ٣٠٠ هەزار کورد تێپەڕە، کەچی نە رۆژنامەیەکی بە کوردی تێدا دەردەچێ و نە قوتابخانەیەکی تێدا هەیە کە بە کوردی دەرز بلێتەوە.

(*٩) — بەڕاستی پیاو دەبێ هیچ کاتێک خاوەنی "کۆگای سرۆچک" لە سلێمانی کاک جەلال تۆفیقی، لەبیر نەچێتەوە. ئەم زاتە هەر چەندە خۆی کتێبفرۆش نییە، بەڵام گیانی بەرز و هەستی پیرۆزی، پاڵیان پێوەناوە کە هەموو جۆرە کتێبێکی کوردی بڵاوبکاتەوە، بێئەوەی یەک پوول قازانجی خۆی تێدابێ. هەروەها "کاک عەزیز پشتیوان" یش لە خانەقین دەستێکی باڵای هەیە لەم رووەوە. لەبەر ئەوە، لەکانی دڵمەوە سوپاسی هەردوو لایان دەکەم و لەخوا دەخوازم کە هاوتای ئەم چەشنە کەسانەمان بۆ زۆرکات.

(*١٠) — لەم دواییەدا کتێبخانەی "گەلاوێژ" و "زێوەر" لە سلێمانی دەستیانداوەتە چاپکردنی پەرتۆکی کوردی لەسەر ئەرکی خۆیان. ئەمە هەنگاوێکی پیرۆزە بۆ دامەزراندنی ئەو بنکەیە کە باسمانکرد. هیوام وایە پشتیان سارد نەبێتەوە.

(*١١) — لەم چەند مانگەی دواییەدا لەشاری سلێمانی کۆمەڵێک بەنێوی (کۆمەڵی سامانی نەتەوایەتی) یەوە دامەزرێندرا، بەڵام تا ئێستە هەر "نێوی گەورەیە و دێی ویران!"

(*١٢) — مەبەستم لە کوردستان هەر کوردستانی بندەستی عێراق نییە، بەڵکو کوردستانی گەورەیە.

(*١٣) — دەبێ ئەم گەشتەی دووەم ئەوانە بیکەن کە شارەزای زمانە ئەورووپاییەکانن، تاکو بەتەواوی لە کارەکەیاندا سەرکەون.

(*١٤) — ئەگەر نەیانتوانی گۆڤارێک دەربکەن ببێتە زمانڕەوشیان، دەتوانن زنجیرەیەک نامیلکە ناو بەناو دەربکەن و، بەری تەقەللای خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە.

(*١٥) - ناوی ئەو پەرتۆکانەی کە تا ئێستە بە کوردی دەرچوون و ئەوانەی کە لەبارەی کوردەوە بەزمانی بێگانە دەرچوون، هەموویم لە نامیلکەیەکدا نووسیوەتەوە لەژێر ناوی (فەرهەنگی پەرتۆکخانەی کوردی) دا. هومێدم وایە لەپاشەڕۆژێکی نزیکدا پێشکێش بە خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد بکەم.

**سەرنج: ئەم بەرهەمەم دا بە مامۆستا مستەفا نەریمان.**

(*١٦) — بۆ فێربوونی تیپی لاتینی تەماشای ژمارە دووی ئەم زنجیرەیە بکە (نووسینی کوردی بە لاتینی).

(*١٧) — داخی گرانم، لە کاتێکدا ئێمە هەوڵدەدەین قوتابخانە نێوەندییەکان بکەینە کوردی، دەبینین لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا زمانی کوردی خراوەتە پشتگوێ. هەر چەندە یاسای وەزارەتی خوێندەواری وای بڕیارداوە کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستاندا خوێندن بەزمانی کوردی بێ و، پەرتۆکە عەرەبییەکانیشی بۆ کردوون بە کوردی، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە ئەمە پێڕەوی ناکرێ. بۆ وێنە:

**لە هەولێر یەک قوتابخانەی کوردی هەیە و، ئەویش قوتابخانەی یەکەمی هەولێرە و، قوتابخانەکانی دیکە هەمووی عەرەبییە و، لە بادینان دا خوێندن بە کوردی بە گوناە و تاوان دەدرێتە قەلەم. لە هەموو کەرکووکیشدا پەرتۆکێکی کوردی وەرناگیرێ و، دەدرێتەوە بە سەرووەزارەتدا (نازانم بۆچی؟!). تەنانەت لە سلێمانی، لە زەمانێکدا، گۆرانی کوردی و "وریا بە و پێکوتە" هەڵگیرا و، خەریک بوو خوێندنیش بەکوردی هەڵگیرێ. ئەمە لە قوتابخانەی**

کوڕاندا، خۆ ئەوە لە قوتابخانەی کچاندا، خوێندن هەمووی بە عەرەبییە. ئەم باسە بە دووروودرێژی لە پەرتۆکی "کوردستان و قوتابخانەکانی" دا لێی دواوم، چاوەڕوانی بکەن.

(١٨*) — تەماشای پەرتۆکی (فن الترجمة) دوکتۆر صفاء الخلوصی بکە.

(١٩*) — لەمە بەدواوە، پشت بە خوا، زنجیرەیەک پەرتۆک بەزمانی عەرەبی دەردەکەین لەژێر نێوی زنجیرەی کورد بە عەرەبناسیندا)، زمان و مێژوو و وێژەی زیندووی کورد دەخەینە بەر چاوی عەرەبەکان.

(٢٠*) — کتێبی (شەرەفنامە) بۆ یەکەم جار لەلایەن مامۆستا محەممەد جەمیلی رۆژبەیانی یەوە کرا بە عەرەبی.

(٢١*) — لەپاش تەواوبوونی ئەم نامیلکەیە، مامۆستا محەممەد سەعید رەمەزان ئەلبوتی پەرتۆکی (مەم و زین) ی بە عەرەبی خستە بازاڕەوە، بەڕاستی وەرگێڕانێکی زۆر بەرز و رەوانە، ئاخ داخەکەم بەندی یەکەم کە باسی ئازایی و دلێریی کوردی تێدایە، تەرجەمە نەکراوە.

(٢٢*) — الهدیهة الحمیدیة فی اللغة الکردیة: فەرهەنگۆکێکی (کوردی — عەرەبی) یە لەگەڵ سەرەتایەک لەبارەی دەستووری زمانی کوردییەوە. خاوەنەکەی (یوسف زیائەدین پاشا الخالدي الخزومي) یە. نێزیکەی (٦٠) ساڵ لەمەوبەر لە ئەستەموڵ چاپکراوە، لەبەر ئەوە ئێستە نوسخەکانی زۆر کەم ماون. دانەیەکی لە کتێبخانەی (الاثار القدیمة) لە بەغدا دەستدەکەوێ. ئەم فەرهەنگە، وەنەبێ لەبارەی زماناسینەوە کەڵکیکی وای هەبێ، چۆنکە زۆری ئەو وشە کوردییانەی بەکاریهێناون، لەبنەڕەتدا عەرەبی و ترکی و فارسین، بەڵام لەبارەی مێژووییەوە، گرنگییەکی مێژوویی هەیە. (نووسەر).

(٢٣*) — نۆباری بچووکان: ئەو فەرهەنگۆکە (کوردی — عەرەبی) یەیە کە چیرۆکنووسنی بلیمەتی کورد (ئەحمەدی خانی) بۆ منداڵانی کوردی نووسیوە، تاکو فێری زمانی عەرەبی ببن. ئەم فەرهەنگۆکە بە چاپکراوی لەپاڵ (الهدیة الحمیدیة فياللغة الکردیة) دا دەبینرێ.

(٢٤*) — Elementary Kurmanji Grammar فەرهەنگێکی (ئینگلیزی – کوردی) یە کە لەگەڵ سەرەتایەک لەبارەی دەستووری زمانی کوردییەوە، لەلایەن مێجەر سۆن E. B. Sone ەوە نووسراوەتەوە، بۆ ئەو ئینگلیزانەی کە دێنە کوردستانەوە تاکو فێری زمانی کوردیی ببن.

(٢٥*) — فەرهەنگی ئەحمەدی: هی شێخ مەعرووفی "نۆدێ"ییە و، فەرهەنگێکی بەناوبانگە.

(٢٦*) – **فەرهەنگۆک: (ئینگلیزی – کوردی) یە و خاوەنەکەی شاکر فەتاح ە.**

(٢٧*) – **رابەر: فەرهەنگۆکێکی (عەرەبی – کوردی) یە، خاوەنەکەی گیوی موکریانی یە.**

(٢٨*) – **مەردۆخ: فەرهەنگۆکێکی (کوردی – فارسی– عەرەبی) یە و، باشترین فەرهەنگێکە کە تا ئێستە بۆ کورد دەرچووبێ. خاوەنەکەی (ئایەتۆڵڵا مەردۆخی کوردستانی سنەیی) یە. لەتاران بە زینکۆگراف و لە چاپخانەی "ارتش" (سوپا) چاپکراوە. وشەکانی زۆری هی رۆژهەڵاتی کوردستانە و، بە خەتی (شکستە ی فارسی) نووسراونەتەوە.**

(٢٩*) – **فەرهەنگی کوردستان: هی گیوی موکریانی یە و، ٤٠٠٠٠ (چل هەزار) وشەیە.**

(٣٠*) – **فەرهەنگی خاڵ: هی "شێخ محەممەدی خاڵ" ە، کە نێزیکەی (٢٠) ساڵە خەریکییەتی و، وشەی هەموو نێوچەکانی کوردستانی تێدا کۆکراوەتەوە.**

(٣١*) – **فەرهەنگی بەدرخان: هی خوالێخۆشبوو "جەلادەت بەدرخان" ە، بەتیپی لاتینی نووسراوەتەوە. وشەکانی زۆری هی کوردستانی بندەستی ترکیا و سووریایە.**

(٣٢*) – **مامۆستاکانی نێوەندیی دەتوانن ئەم کۆڕە پێکبهێنن بە یارمەتی پسپۆڕەکانی دیکە، جگە لە مامۆستایان. بۆ ئەوەی پەرتۆکە زانیارییەکانیان وەربگێڕنە سەر کوردی، تا ئەو حەلە داوا بکرێ خوێندن لەقوتابخانە نێوەندییەکانی کوردستان بکرێتە کوردی.**